**ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١٣ ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەولێر، بڵاو بووەتەوە.**

# هەورامی لەهجەیە یان زمان؟*

## وەڵامێک بۆ فەرید ئەسەسەرد

**سوداد ڕەسووڵ**

**دروستکردنی زمان زۆر لەوە زیاترە کە تەنیا پێکهێنانی چەند سیستەمێکی هێما زمانییەکان بێت، بەڵکوو پرۆسەیەکی بنچینەییە کە مرۆڤەکان لەو ڕێیەوە ناسنامەی کولتووریی خۆیان و ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر بنیات دەنێن کە ئینتیمایان بۆی هەیە(١).**

**ڕۆی هاریس**

## پێشەکی

لەم سەد ساڵەی دواییدا کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکان مشتومڕێکی زۆریان سەبارەت بە ناسنامەی لەهجەی کوردیی گۆران - زازا و بنزارەکانی وەک هەورامی و ماچۆ و باجەلانی و شەبەکی و زازاکی وروژاندووە(٢). لە توێژینەوەکانیان جەخت دەکەنەوە کە ئەمانە کوردی نین و

---

* ئەم توێژینەوەیە دە ساڵ پێش ئێستا لە ژمارە ١٣ ی گۆڤاری زمانناسی ساڵی ٢٠١٢ بڵاو کراوەتەوە، کە لە لایەن ڕێکخراوی زمانناسیی کوردی بڵاو دەکرایەوە. بۆ بڵاوکردنەوەی ئەمجارەی بە چاپی دیجیتاڵی لە کوردیپێدیا جارێکی دی پێداچوونەوەی بۆ کراوە و بە هەندێک زانیاریی نوێ دەوڵەمەند و پوختەتر کراوە.

1 – Roy Harris, The Language - makers, Cornell University Press, Ithaca, N.Y., 1980.

٢ – دیالێکتی کوردیی گۆران – زازا، دوو کۆمەڵە زار و شێوەزاری کوردیین بە پەرشوبڵاوی لە سێ بەشی کوردستان ئاخێوەریان هەیە. کۆمەڵەی یەکەم: گۆران – هەورامی، هەورامییەکان دەگرێتەوە لە هەورامانی تەخت و لهۆن لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، کە بەشی زۆرینەی ئاخێوەرانی ئەم زارە پێک دێنن، ئەوجا ماچۆئاخێوەکان دێن کە کاکەییەکانی کەرکووک و گەرمیان قسەی پێ دەکەن، شەبەکەکانیش لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵ بە شێوەزارێکی ئەم زارە قسە دەکەن. کۆمەڵەی دووەم: زاری زازاکییە، کە بە ناوەکانی کرد، دملی، کرمانجیش ناسراون؛ سەرجەم دانیشتوانی زازا لە باکووری کوردستان نیشتەجێن.

سەبارەت بە گۆران کە لەم توێژینەوەیەدا ناوەکەی شانبەشانی هەورامی بەکار هاتووە، مەبەست ئەو زارە کوردییەیە کە سەردەمێک لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی پێنج سەدە زمانێکی ئەدەبی بووە؛ کۆمەڵێک شاعیری کورد بەم زارە ئەدەبییە شیعریان نووسیووە، ناوی زارەکەیان بە گۆران ناو بردووە و هەورامی نەبووە. ئەم زارە ئەدەبییە لە دوای ڕووخانی میرنشینی ئەردەلان لە ١٨٦٧ کە پاڵپشتی سیاسیی زارەکە بووە، بەرەو لاوازی دەچێت و چیدی وەک زمانێکی ئەدەبی ڕۆلی نابێت، هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمیش جاروبار شیعری پێ نووسراوە. زاری ئەدەبی گۆران وەک زارێکی ئەدەبی ئێستا لەناوچووە، بەڵام ناوی گۆران وەک کۆنفیدراسیۆنێکی عەشیرەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوە کە لە باکوور و ڕۆژئاوای ئوستانی کرماشان نیشتەجێن، زۆربەیان بە دین یارسان (ئەهلی هەق)ن، و بە کوردیی خواروو(کەڵهوڕی) قسە دەکەن. کاتێک ڕۆژهەڵاتناسان ناوی گۆران دەبەن مەبەستیان ئەو ئەدەبیاتەیە کە بەم زارە نووسراوە لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە بە گۆران ناسراون و لە ڕابردوو بەم زارە قسەیان کردووە. هەندێک جار ڕۆژهەڵاتناسان بە هەڵە ناوی گۆران بۆ زازاکانی باکووری کوردستانیش بەکار دێنن، نازانن کە ئەم ناوە تایبەتە بەو چەند هۆزەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زازای باکوور ناگرێتەوە.

بنەچەی زمانییان دەچێتەوە سەر زمان و زارەکانی دیکەی باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکان، ئەمە لە کاتێکدا بە درێژایی مێژووی کورد و زمانەکەی، ئەم زار و شێوەزارانە هەمیشە بەشێکی جیانەکراوەی زمانی کوردی بوون، بە تایبەت لەهجەی گۆران - هەورامی کە کۆنترین زاری کوردییە و سەردەمێک لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی کوردستاندا زمانێکی ئەدەبی باڵادەست بووە و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردی پێ نووسراوەتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زمانی دینی یارسانەکان (ئەهلی هەق، کاکەیی) بووە و سەرجەم نووسراوە دینییەکانیان بە زاری کوردیی گۆران بووە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپی کاتێک لەبارەی زمانی کوردییەوە قسەیان کردووە پێیان وا بووە کوردی زمانێکی سەربەخۆ نییە و لەهجەیەکی فارسییە، کاتێکیش لەسەر لەهجەیەکی کوردی وەک گۆران –زازا قسەیان کردووە، بۆ ئەویش پێیان وا بووە فارسییە، یانیش وای بۆچوون کە ریشەیەکی غەیری کوردی هەیە. چارلس ڕیو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم، لە پێشترین ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەیە کە گومانی خستووەتە سەر کوردبوونی گۆران، ئەوجا دواتر لە سەدەی بیستەم ڕۆژهەڵاتناسی دیکەی وەک مەیجەر سۆن و ڤلادیمێر مینۆرسکی و دەیڤید مەکەنزی،.. لەسەر هەمان ڕەوتی ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆیشتوون و نکوولییان لە کوردبوونی هەورامی وەک زارێکی کوردی کردووە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە کەم هەتا زۆر بە نووسین و توێژینەوەکانیان زمان و مێژووی کوردیان دەوڵەمەند کردووە. لە سەردەمێک لە سەر ئەم بابەتە گرنگانە نووسیویانە کە فەرهەنگی نووسراوی کوردی لە ئاستێکدا بووە زۆر پێویستی بەو توێژینەوانە بووە؛ بەڵام دەبێ هەمیشە ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە ئەوەی ئەوان نووسیوویانە لەبارەی کورد و زمان و مێژووەکەی، نابێ هەمووی بە ڕاست وەربگیرێ؛ چونکە ئەوانیش وەک هەر توێژەرێک ئەو کەرەستە و بەڵگانەی لەبەردەستیان بووە، بەپێی ئەو میتۆدەی لەو سەردەمە باو بووە لێکۆڵینەوەیان کردووە. هەندێک لەو ڕۆژهەڵاتناسانەش بە ئامانجی سیاسی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی وڵاتەکانیان لەو ناوچانە، ئەو توێژینەوانەیان ئەنجام داوە، بۆیە دەکرێ بڵێین لە باسەکانیان تەواو ئەکادیمی و بێلایەن نەبوون. کاتی ئەوە هاتووە ڕۆشنبیر و توێژەرانی کورد بە نووسینەکانیاندا بچنەوە بە میتۆدێکی زانستیانەی نوێ، جارێکی دی بیان خوێنێتەوە و ڕاستی و چەوتییان لێک هەڵاوێر بکەن.

ئەم ڕوانگە ڕۆژهەڵاتناسییە بۆ زارە کوردییەکان بەتایبەت بۆ گۆران – هەورامی، هەر لە چوارچێوە ئەکادیمییەکانی ئەوروپا نەماوەتەوە، ئاراستەیەکی هزری و میتۆدی بەرهەم هێناوە، کە هەندێک لە ڕۆشنبیرانی کوردیش لە ژێر کاریگەریی هەمان میتۆد بیر دەکەنەوە و دەنووسن؛ هەمان سەرنج و بۆچوونی ئەوان دووبارە دەکەنەوە و بانگەشەی زمانێکی سەربەخۆ بۆ هەورامی یان زازاکی دەکەن.

فەرید ئەسەسەرد وەک نووسەرێکی دیار لە ناو رۆشنبیریی کوردیدا، سەبارەت بە ناسنامەی هەورامی، کورتە وتارێکی لە گۆڤاری هەفتانە بە ناوی «هەورامان و هەورامییەکان و

زمانەکەیان»(٣)، بڵاو کردووەتەوە؛ لەم وتارە بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێ کە هەورامی لەهجەیەکی کوردی نییە و پێویستە کورد مافی زمانیی هەورامییەکان ڕەچاو بکات. ئەمە بێجگە لەوەی، چەندین نووسەری دیکەی هەورامی هەمان دید و بۆچوونیان لەسەر زارەکەیان هەیە، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەورامی زمانە و لەهجەیەکی کوردی نییە.

لەم توێژینەوەیەدا، ئەم پرسە زمانەوانییە شی دەکەینەوە، و هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لە نێو زمانی کوردیدا دەخەینە ڕوو. بۆ ئەم مەبەستە، لەپێشدا لەڕووی تیۆرییەوە، پێوەرەکانی جوداکردنەوەی لەهجە و زمان ڕوون دەکەینەوە و بە یەکێک لەم پێوەرانە شوێنی هەورامی لە نێو لەهجە کوردییەکان دیاری دەکەین. هەروەها تیشک دەخەینە سەر تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ زمانی کوردی و زاەکانی کە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا سەبارەت بە ناسنامەی زارە کوردییەکان دواون یان توێژینەوەیان کردووە؛ ڕاستی و چەوتی بۆچوونەکانیان شرۆڤە دەکەین. لە کۆتاییشدا لەبەر تیشکی ئەم ڕوونکردنەوانە بیروڕاکانی فەرید ئەسەسەرد لەمەڕ هەورامی تاوتوێ دەکەین، و ڕوونی دەکەینەوە کە ئایا ڕاستە هەورامی زمانێکی سەربەخۆیە و لەهجەیەکی زمانی کوردی نییە؟

## لەهجە و زمان

توێژینەوە لەبارەی لەهجە(٤)، یان دیالێکت dialect و تایبەتمەندییەکانی و جودا کردنەوەی لە زمان، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی زمانناسیی کۆمەڵایەتییە sociolinguistics، چونکە ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەو کۆمەڵگەیەوە هەیە کە ئەو زمان و لەهجانە ئاخاوتنی پێ دەکەن. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا لقێکی زمانناسی بە ناوی لەهجەناسی، یان زارناسی dialectology پەیدا بوو بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە زار و بنزار و شێوەزارەکان و کۆکردنەوەیان بەتایبەت هی گوندەکان؛ هەروەها کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی زارەکیی زارەکان و توێژینەوە لەسەریان. یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی زارناسی بابەتی جیاوازیی نێوان زارە لەگەڵ زمان. بۆچی بە هەندێک شێوەزمان دەگوترێ زار و بە شێوەزمانێکی دی دەگوترێ زمان، چ پەیوەندییەک ئەمانە بە یەکەوە گرێ دەدەن؟ ئەم دوو شێوەئاخاوتنە لە کۆمەڵگە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ

٣ - فەرید ئەسەسەرد، هەورامان و هەورامییەکان و زمانەکەیان، گۆڤاری هەفتانە، ژمارە ١٤٣، ڕێککەوتی ٢٢ ی مایسی ٢٠١١.

٤ - لەم توێژینەوەیەدا زاراوەکانی لەهجە، زار، دیالێکت، شێوەزار، بنزار، شێوەزمان، شێوە ئاخاوتن، دەڤۆک بەکار هاتوون. هەر یەک لەم زاراوانە مانایەکی هەیە: زار و لەهجە و دیالێکت هاوتا و هاومانای یەکدین، کە زارێکی سەرەکی دەگرێتەوە وەک زاری کوردیی ناوەندی، باکوور، خواروو، گۆران- هەورامی، زازاکی؛ شێوەکانی ئەم زارانە بنزار و شێوەزار دەگرێتەوە، بۆ نموونە بنزارەکانی کوردیی ناوەندی ئەمانەن: سۆرانی، گەرمیانی، سلێمانی، ئەردەلانی، موکریانی. دەڤۆک، شێوەئاخاوتنێکی زارەکی دەگرێتەوە کە تۆمار نەکراوە و هەر بۆ ئاخاوتنە. شێوەزمان، هەموو جۆرە زمانێک دەگرێتەوە کە مرۆڤ قسەی پێ دەکات.

دەکرێ، ئاستەکانی بەکارهێنانیان لە کۆمەڵگەی ئاخێوەرانیدا چۆنە؟ ئەو پێوەرانە چین کە ناسنامەی ئەم دوو شێوەزمانە دەستنیشان دەکەن کە یەکێکیان زمانە و ئەوەی دی زارێکی ئەو زمانەیە؟.

زمانناسان تا ئێستا نەگەیشتوونەتە پێوەرێکی ڕاست و دروست بۆ جوداکردنەوەی لەهجە لە زمان. هەموو پێوەرە زمانەوانییەکان وەک جیاوازیی ڕێزمان و دەنگسازی و وشەسازی کە لە نێوان زارەکان و زمانەکاندا هەیە بەکاری دێنن بۆ جودا کردنەوەیان تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە هەموو زارێک دەکرێ ئەم جیاوازییانەی هەبێت و هەر بە زاریش دابنرێت. یەکێک لەم پێوەرە زمانەوانییانە، لەیەکگەیشتن و لەیەکنەگەیشتنی ئاخێوەری دوو شێوەزمانە، واتە ئەگەر دوو شێوەزمان لە یەک گەیشتن ئەوا دوو لەهجەی زمانێکە، ئەگەر لە یەکدی نەگەیشتن ئەوا دوو زمانە. ئەم پێوەرە لە نێوان هەندێک لە زمانەکان بە ڕاست دادەنرێت وەک زمانی عەرەبی و کوردی، یان کوردی و فارسی و تورکی، کە لەیەکگەیشتن لە نێوانیاندا نییە، ئەمانە دوو زمانن، بەڵام هەر ئەم پێوەرە بۆ هەندێک زمانی دی بە ڕاست دانانرێت؛ بۆ نموونە لە نێوان زمانە ئەسکەندناڤییەکان وەک سوێدی و نەرویجی و دانمارکی، ئاخێوەرانی ئەم زمانانە هەتا ڕادەیەک لەیەکگەیشتن لە نێوانیاندا هەیە، کەچی هەر بە زمان دادەنرێن و بە لەهجە دانانرێن،. یان لە نێوان زمانی چیکی و سلۆڤاکی کە بە چاکی لەیەک تێ دەگەن، بەڵام ئەمڕۆ دوو زمانن و خاوەن دوو دەوڵەتی نەتەوەیی جیاوازن. کەچی لە بەرانبەر ئەمەدا، هەندێک زار و شێوەزاریش هەیە لەیەک تێ ناگەن: وەک لەهجەی عەرەبیی مەغریبی لەگەڵ لەهجەی عەرەبیی عێراقی، ئەم دوو لەهجەیە بە دوو لەهجەی عامیی زمانی عەرەبی دادەنرێن و دوو زمان نین؛ یانیش لەیەک نەگەیشتنی ئاخێوەرانی هەندێک لەهجەی کوردی وەک کوردیی باکوور لەگەڵ کوردیی ناوەندی، کەچی ئەم دوو شێوەزمانە هەر بە دوو زاری کوردی دادەنرێن زمانی سەربەخۆ نین، بۆیە ئەم پێوەرە لە زمانەوانیدا بە پێوەرێکی ڕاست و زانستی دانانرێت.

پێوەرێکی دیکەی زمانەوانی کە هەندێک جار کاری پێ دەکرێ پێکهاتی زمانیی ئەو شێوەزمانەیە، وەک جیاوازی لە ڕێزمان و ڕستەسازی و سیستەمی دەنگسازی هەردووکیان، واتە ئەگەر پێکهاتە زمانییەکەیان لەیەک نزیک بوون، یان وەک یەک بوون، ئەوا دوو لەهجەی زمانێکە، ئەگەر لەیەک دوور بوون ئەوا دوو زمانن. ئەم پێوەرە بۆ جوداکردنەوەی هەندێک زمان لەیەکدی ڕاستە، وەک کوردی و تورکی و کوردی و عەرەبی، یان ئینگلیزی و چینی کە بە پێکهاتی زمانیی و بە وشە و زاراوە و ئەلفبێ و ڕێنووسیش تەواو لەیەک دوورن، بەڵام بۆ هەندێک زمانی دی ئەم پێوەرەش سەرکەوتوو نییە. سوێدی و نەرویجی و دانمارکی لە ڕووی پێکهاتی زمانەوە زۆر لەیەک نزیکن، کەچی دووبارە ئەمانە ناکرێ بە لەهجە دابنرێن، ئەمانە زمانی سەربەخۆن، یان کرواتی و سربی و بۆسنی لە ڕووی پێکهاتی زمانەوە هەتا ڕادەیەکی زۆر وەک یەکن، بەڵام ئەمڕۆ بە سێ زمانی سەربەخۆ دادەنرێن، یان هیندی و ئوردو و پونجابی چ لە ڕووی پێکهاتی زمانییەوە چ لە ڕووی فەرهەنگۆکی وشەوە زۆر لەیەک نزیکن، بەڵام ئەمانە هەمیشە بە زمانانی جیاواز و سەربەخۆ دادەنرێن. هەر بۆیە زمانناسان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە زمان و لەهجە ناکرێ تەنیا و تەنیا بە چەمکێکی زمانەوانی وەربگیرێ، بەڵکو زۆر هۆکاری دیکەی دەرەوەی زمانی وەک

بارودۆخی سیاسی و مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕۆڵیان لە جوداکردنەوە و دیارکردنی ناسنامەی زمان و لەهجە هەیە. بۆیە ئەوان بۆ ئەم پرسە زمانییە پەنا بۆ پێوەری کۆمەڵایەتی دەبەن، کە ئەم پێوەرە باشترین و گونجاوترین پێوەرە بۆ یەکلاکردنەوەی زار و زمان. ئەگەر هەر سێ زمانی ئەسکەندناڤی(سوێدی و دانمارکی و نەرویجی) سەرەڕای تێگەیشتنیان لەیەک کە بە زمانی سەربەخۆ دادەنرێن لەبەر ئەوەیە چونکە هەر سێ زمان، سێ زمانی ستانداردی خاوەن ڕێنووس و کتێبی ڕێزمان و ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆیان هەیە، سەر بە سێ دەوڵەتی نەتەوەیی جیاوازن و ئاخێوەرانیشیان زمانەکانیان بە زمانی سەربەخۆ دەزانن(٥).

بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ئەم پێوەرە کۆمەڵایەتییە لە پەیوەندیی بە زمان و لەهجە، بارودۆخی زمانی و لەهجەیی چەند وڵاتێک بە نموونە باس دەکەین. لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان هۆڵەندە و ئەڵمانیا، بە درێژایی مێژوو جۆرێک لە نزیکی و لەیەکگەیشتنی لەهجەیی لە نێوانیان هەبووە و هەیە، کە لە زارناسیدا بە زنجیرە دیالێکت dialect continuum (٦) ناو دەبرێت، کە خەڵکی ئەم ناوچانە بۆ ئاخاوتن پەنای بۆ دەبەن. ئەو خەڵکەی هەردوو لای سنوور لە قوتابخانە و زانکۆ و سیستەمی ئیداری، زمانی ستانداردی هۆڵەندی و ئەڵمانی بە کار دێنن، کە ئەوان بەم دوو زمانە ستانداردە لەیەک تێ ناگەن، بەڵام بە لەهجەی ئاخاوتنی زارەکی ڕۆژانەی خۆیان لە یەک تێ دەگەن. لە دیوی هۆڵەندە خەڵک بەم شێوەزمانە زارەکییە دەڵێن ئەمە لەهجەیەکی هۆڵەندییە، لە دیوی ئەڵمانیاش خەڵک بەم شێوەزمانەی خۆیان دەڵێن ئەمە لەهجەیەکی ئەڵمانییە. لەیەکگەیشتنی ئەو خەڵکە لەگەڵ یەک، ئەو دوو شێوەئاخاوتنەی نەکردووە بە دوو لەهجە و دوو شێوەزاری یەک زمان. لێرەدا ئەو هۆکارەی کە ئەو دوو لەهجەیە لە یەک جودا دەکاتەوە، جیاوازیی پەیوەندی نەتەوەیی و مێژوویی و سیاسی گەلی هۆڵەندی و ئەڵمانییە، سەرەڕای جیاوازی و سەربەخۆیی ناسنامەی زمانیی هۆڵەندی و ئەڵمانی، واتە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشانی ناسنامەی ئەو دوو لەهجەیە دەکەن نەک پێوەرە زمانەوانییەکان(٧).

لە وڵاتێکی گەورەی وەک چین کە کۆمەڵێک زار و شێوەزاری هەمەچەشنی هەیە، یەک زمانی ستانداری نووسینش هەیە بە ناوی ماندارین Mandarin، کە ئەو زمانە بە چینی ناوەکەی پوتۆنگوا Putonghua یە. لەپاڵ ئەم زمانە ستانداردە، زمانێکی دی هەیە بە ناوی کانتۆنی Cantonese کە لە هۆنگ کۆنگ و ماکاو چەند هەرێمێکی دی بەکار دێت و سەر بە لەهجەیەکە بە ناوی یوی Yue، ئەم زمانە هەرچەندە بووە بە زمانێکی ڕەسمی بۆ ئەو ناوچانە، بەڵام بە هۆی

---

5 – J.K. Chambers and Peter Trudgill, Dialectology, Cambridge University press, 1998, pp. 4-5.

٦- زنجیرە دیالێکت dialect continuum بە زنجیرە لەهجەیەک دەگوترێ کە لە لەناوچەیەکی جوگرافی قسەی پێ دەکرێ و لەگەڵ ناوچەی دەوروبەری خۆی جیاوازییەکی زۆر کەمی هەیە. ئەگەر کەسێک لە ناوچەکەی خۆی بە هەر ئاراستەیەک سەفەر بکات جیاوازییەکان وردە وردە زیاد دەبن، بەڕادەیەک کە قسەکەری هەردوو سەری کۆتایی ئەو ناوچەیە ناتوانن لەیەک تێ بگەن یان بە زەحمەت لە یەک تێ دەگەن.

7 – Ronald Wardhaugen, An Introduction to Sociolinguistics, published by Blackwell, fifth edition, 2006, p.31.

پەیوەندیی هاوبەشیی فەرهەنگی و مێژوویی لەگەڵ چین تا ئێستا هەر بە لەهجەیەکی زمانی چینی دادەنرێت(٨).

زمانی چینی کۆمەڵێک لەهجەی هەمەچەشنی هەیە و تێکڕای ئەو لەهجانەش سەر بە یەک گرووپی ئەتنیکی چینین بە ناوی هۆن Han کە گەورەترین گرووپی نەتەوەییە لە جیهاندا و لە ٩٨٪ دانیشتوانی چین پێک دێنێت. لەهجەکانی چین بە ڕادەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ یەک جیاوازن هەندێک بە زمانە چینییەکان ناویان دەبەن، زۆربەی ئاخێوەری لەهجەکان بە زەحمەت لەیەک تێ دەگەن. لەهجەکان بە زۆری لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەن. بۆ نموونە لەهجەی وو Wu کە ٧٧ ملیۆن ئاخێوەری هەیە، لە هەرێمی جیانگسو و شانگهای و چەند هەرێمێکی دی قسەی پێ دەکرێ، لە هەندێک ناوچەی شاخاوی ئەم هەرێمە تەنیا ئەو لەهجەیە بە سەدان بنلەهجەی دی هەیە کە بە زەحمەت لەیەک تێ دەگەن. لەهجەی مین Min کە ٦٠ ملیۆن ئاخێوەری هەیە لە هەرێمی فوجیان و تایوان قسەی پێ دەکرێ. لەهجەی شیانگ Xiang کە ٣٦ ملیۆن ئاخێوەری هەیە و لە بەشی ناوەڕاستی باشووری ڕۆژئاوای وڵاتەکە لە هەرێمی هونان قسەی پێ دەکرێ، ئەمانە و زۆر لەهجەی هەمەجۆری دی لەو وڵاتە، تەنیا یەک زمانی یەکگرتوو بە یەک شێوازی نووسین writing system هەموو خەڵکی چینی لە یەک کۆ کردووەتەوە. نهێنی مانەوەی ئەو هەموو لەهجە زۆرە بە یەکگرتوویی لەم وڵاتە پڕ دانیشتوانە تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چین بەدرێژایی مێژوو هەر لە هەزارەی سێیەمی پێش میلادەوە تاوەکو ئەمڕۆ بێبڕانەوە خاوەن یەکێتییەکی بەهێزی کولتووریی چینی بووە(٩). کولتوورێکی هاوبەش لەگەڵ زمانێکی یەکگرتووی نووسین و بە یەک شێوازی نووسینی چینی، ئەو هەستەی بە ئاخێوەری لەهجەکان بەخشیوە کە ئەوان سەر بە یەک زمانی نەتەوەیین. دووبارە لە پرسی جیاوازیی لەهجەیی لە چین، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان وەک فەرهەنگ و مێژووی هاوبەش و یەک ئەتنیکی هاوبەش ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە دەستنیشانکردنی ناسنامە و سنووری نێوان لەهجە و زمان، هەروەها ئینتیمای لەهجەکان بۆ یەک زمان و یەک نەتەوە، ئەمە هەرچەندە کە لەهجەکان لە ڕووی پێکهاتی زمانییەوە لەگەڵ یەک جیاوازن و لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دی کێشەی لەیەک گەیشتنیان هەیە، هەر بۆیە ئەمڕۆ وڵاتێکی زەبەلاحی وەک چین کە لە هەموو وڵاتێک زیاتر هەمەچەشنیی لەهجەیی هەیە، بەڵام کێشەی لەهجەی نییە.

ئەگەر نموونەیەک لە زمانەکانی ڕۆژهەڵات وەرگرین، کە زمانی کوردی و فارسی باشترین نموونەیە؛ ئەم دوو زمانە لە ڕووی ڕێزمان و مۆرفۆلۆجی و فۆنەتیک و سینتاکسەوە بە ڕادەیەک لە یەک نزیکن کە لە ڕووی زمانەوانییەوە دەکرێ یەکێکیان بە لەهجەی ئەوی دی دابنرێت، بەڵام

---

8 - Julie M. Groves, Language or Dialect—or Topolect? A Comparison of the Attitudes of Hong Kongers and Mainland Chinese towards the Status of Cantonese, University of Hong Kong, Sino-Platonic Papers, Number 179, February 2008, p.26

بۆ ژمارەی ئاخێوەرانی لەهجەکانی چین و خەریتەی لەهجەکان بڕوانە ماڵپەڕی ویکیپیدیا:

http://en.wikipedia.org/wiki/Varieties_of_Chinese.+ accessed 2012.

9 – Jerry Norman, Chinese, Cambridge Language surveys, Cambridge University Press, 2008, pp.1-2.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم دوو زمانە ئاخێوەرانیان لە ڕووی ئەتنیکی و کولتووری و سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە، دوو نەتەوەی سەربەخۆن کە نەتەوەی کورد و فارسە، هەر بۆیە ئەمڕۆ بوون بە دوو زمان و دوو نەتەوەی جیاواز؛ هیچ گومان لەوەدا نییە کە لە بنەچەدا ئەم دوو زمان و نەتەوەیە خاوەن زمان و نەژادێکی هاوبەش بوون، دواتر بە تێپەڕبوونی کات لە یەک دابڕاون و دوو ناسنامەی نەتەوەیی سەربەخۆیان بۆ دروست بووە.

باشترین نموونەی جیاوازیی پرسی زمان و لەهجە لە ئەوروپا لە ڕووداوەکانی یۆگوسلاڤیای دوای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم خۆی نیشان دا. یۆگوسلاڤیا دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە یەک زمانی سربی – کرواتی بوو کە زمانێکی سلاڤییە(١٠). دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتەکە، لەسەر پاشماوەی ئەم دەوڵەتە نەتەوەییە چەندین نەتەوەی جیاواز بە ناسنامەی زمانی سەربەخۆ دەرکەوتن و بوون بە دەوڵەتی نەتەوەیی. زمانەکانی وەک سربی و کرواتی و بۆسنەیی کە لە بنەچەدا یەک زمانن و بە باشیش لە یەک تێ دەگەن، لە هەموو ئاستەکانی زمانەوەش تەواو لەیەک نزیکن؛ لەماوەی حوکمڕانی دەوڵەتی یوگوسلاڤیا، زمانی سربی – کرواتی ڕۆڵی زمانێکی هاوبەشی گێڕاوە بۆ ئەم دەوڵەتە نەتەوەییە، بەڵام بە هۆی جیاوازی لە پێکهاتەی دینی و کولتووری، و تێکچوونی ڕەوشی سیاسیی و بەرپابوونی شەڕ لەنێوانیان، دەوڵەتی یەکگرتووی یۆگوسلاڤیا هەڵوەشایەوە و لەگەڵیشی زمانە یەکگرتووەکەش هەڵوەشایەوە. هەر یەک لە ئاخێوەرانی ئەم پێکهاتانە زمانێکی سەربەخۆیان لەسەر شێوەزمانەکەی خۆیان دروست کرد، کە لەهجەیەکی زارەکیی ناوچەیی بوو، کرا بە زمان بۆ نەتەوەیەکی سەربەخۆ، و دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆش(١١). سربەکان بە مەزهەب مەسیحی سەر بە کەنیسەی ڕۆژهەڵاتن و ئۆرتۆدۆکسن و ئەلفبێکەیان کرلیکییە؛ کرواتەکان بە مەزهەب کاتۆلیکن و ئەلفبێی لاتینی بەکار دێنن؛ بۆسنییەکان بە دین موسڵمانن و ئەلفبێی لاتینی بەکار دێنن. بوونی ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتییانە و تێکچوونی پەیوەندیی نێوانیان، کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون کە زمانی سربی –کرواتی، کە زمانێکی یەکگرتووی ئەو وڵاتە بوو، بەرەو دابەش بوون بچێت. بە مانایەکی دی، پێوەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ئەم پێکهاتانەی لە یەک زمان کۆ کردبووەوە، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی ئەو پەیوەندییە سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە، زمانە هاوبەشەکەش هەڵوەشایەوە. بۆیە لەم ڕوانگە کۆمەڵایەتییەوە ئاشکرا دەبێت کە هەر

---

١٠ – زمانی سربی – کرواتی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٥٠ پێک هات، کاتێک کۆمەڵێک زمانناسی کرواتی و سربی لە ڤیەننا کۆ بوونەوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر زمانێکی ستاندارد بۆ سلاڤییەکانی باشوور بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە بە یەکگرتوویی بمێننەوە. زمانێکی ستانداردیان لە سەر بنەڕەتی لەهجەی شتۆکاڤیان Shtokavian پێک هێنا. دوای دامەزرانی شانشینی یۆگوسلاڤیا، لە ساڵی ١٩١٨ تا ١٩٩١ ئەم زمانە ستانداردە دەبێت بە زمانی ڕەسمیی ئەو وڵاتە. دوای تێکچوونی ڕەوشی سیاسی و هەڵوەشانەوەی یۆگوسلاڤیا، زمانەکەش هەڵدەوەشێتەوە و چەندین زمان و نەتەوەی وەک سربی، کرواتی، بۆسنی، مۆنتینگرۆی لێ پەیدا دەبن. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە:
Eric A. Rice, Language politics in Bosnia, Croatia and Serbia, Naval Postgraduate School Monterey, California, unpublished, March 2010, p.13-14.

11 - Ibid. p.3.

لەهجەیەک، جیاوازییە زمانەوانییەکانی کەم بێت یان زۆر بێت، دەکرێ بە لەهجەی زمانێک بمێنێتەوە، هەروەها بە هەمان هۆکار دەکرێ چیدی بە لەهجەش نەمێنێتەوە ببێ بە زمان و سنووری ئینتیمای ئەتنیکی و نەتەوەییشی بگۆڕێت.

لەم ڕوونکردنەوەیە، ئاشکرا دەبێت کە پرسی زمان و زار و پەیوەندیی نێوانیان، زیاتر پرسێکی کۆمەڵایەتییە و کەمتر زمانەوانییە، هەر بۆیە سەختە تەنیا بە پێوەرە زمانەوانییەکان پێناسە بکرێ و ناسنامەیان دەستنیشان بکرێ. لە زۆربەی کتێبە زمانەوانییەکان پێناسەی جیاواز بۆ پەیوەندیی نێوان زار و زمان دیاری کراوە، پێناسەکان زۆربەیان کەموکووڕی هەیە. بۆ ئەم مەبەستە، ئینسکلۆپێدیای زمانناسیی کەمبریج، بە ڕەچاوکردنی ئەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە پێناسەیەکی گونجاوتری بۆ لەهجە، یان دیالێکت dialect داناوە:

**" زمان لە کۆمەڵە لەهجەیەک پێک هاتووە، هیچ زمانێکیش بە بێ لەهجە نییە. لەهجە، شێوەئاخاوتنێکی سەر بە زمانێکە کە ئەو زمانە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە قسەی پێ دەکرێ. لەهجە، کۆمەڵێک ڕەفتاری زمانی و مەعریفەیی هاوبەشی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکە هەیە کە قسەی پێ دەکەن. بۆ دیارکردنی ناسنامەی لەهجەیەک دەبێ لە پێشدا ئەو زمانە دیار بکرێ کە ئەو لەهجەیە ئینتیمای بۆی هەیە. لەو زمانە، هەر لەهجەیەک بۆی هەیە لە ڕووی گۆکردن یان بێژەکردن pronunciation، فەرهەنگۆکی وشە vocabulary و ڕێزمان grammar لەگەڵ یەک جیاواز بن، یان وردتر بڵێین، بۆی هەیە لە ڕووی دەنگسازی phonology ، وشەکانی فەرهەنگ lexical ، وشەسازی morphology ، ڕستەسازی syntax ، ماناناسی semantics ، پێکهاتی ڕستە syntactic structure ەوە لەگەڵ یەک جیاواز بن(١٢).**

بە گوێرەی ئەم ڕوونکردنەوەیە، بۆ ئەوەی دەستنیشانی لەهجە یان دیالێکت بکەین دەبێ لە پێشدا بزانین کە ئەو لەهجەیە سەر بە چ زمانێکە و چ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانی بە یەکەوە دەبەستێتەوە، وەک نەتەوە و کولتووری هاوبەش. هەروەها لەهجە بۆی هەیە لە هەموو ئاستەکانی زمانەوە لەگەڵ یەک جیاواز بن، بۆی هەیە ئاخێوەرانی بەباشی لەیەک تێ بگەن و بۆی هەیە بەباشی لەیەک تێ نەگەن ، بوونی ئەم جیاوازییانە لە لەهجەدا نابنە پێوەر بۆ ئەوەی بە زمانی سەربەخۆ دابنرێن، یانیش لە لەهجەی زمانێک جودا بکرێنەوە.

ئەگەر لەم ڕوانگەوە لە لەهجە کوردییەکان بڕوانین، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە جیاوازیی نێوانیان لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە هەرچەند بێت، ئەمە دیاردەیەکی زمانەوانیی باوی نێوان زارەکانی زمانە. ئەگەر لەیەکگەیشتن لەنێوان ئاخێوەرانی هەندێک لە زارە کوردییەکاندا نییە، ئەمە هەرگیز نابێ بە بەڵگە کە ئەوانە لەهجەی زمانی کوردی نین و زمانی سەربەخۆن؛ وەک ئاشکرایە ئاخێوەرانی هەموو ئەم لەهجانە: کوردیی باکوور (کورمانجی)، کوردیی ناوەندی(سۆرانی)، کوردیی گۆران – هەورامی، کوردیی زازاکی، کوردیی خواروو (لەکی، کەڵهوری، لوڕی، فەیلی)،.. لە درێژایی مێژوودا کۆمەڵێک پەیوەندیی مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتی

---

12 - Patrick Colm Hogan(edited) The Cambridge Encyclopaedia of the language science, Cambridge university press, 2011, p. 254.

هاوبەشیان پێکەوە هەیە کە ئەویش نەتەوەیەکی هاوبەشە کە نەتەوەی کوردە و نیشتمانێکی هاوبەشە کە کوردستانە. ئەم پێوەرە کۆمەڵایەتییانە هەر لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ ئەم لەهجە کوردییانەی بە یەک زمان هێشتووەتەوە کە زمانی نەتەوەی کوردە. هەر لەسەر ئەم بنەما کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەشە، مێژوونووسی کورد شەرەفخانی بدلیسی لە سەدەی شازدەم، پێش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتدا، زۆر بە جوانی لەهجەکانی زمانی کوردی دەستنیشان کردووە کە دەڵێت: "کورد کە زمان و دابونەریتیان لەگەڵ یەک جیاوازە لە چوار بەش پێک دێن، یەکەم: کورمانج، دووەم: لوڕ، سێیەم: کەڵهوڕ، چوارەم: گۆران(١٣). ئەمە بێجگە لەوەی کە لەهجە کوردییەکان لە هەموو ڕوویەکی زمانەوانییەوە، ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ زمانە ئێرانییەکانی دی، لە زمانی کوردی زیاتر نزیکن تا زمانانی دیکەی ئێرانی. بۆ نموونە هەورامی و زازاکی، لە کوردی نزیکترە هەتا زمانانی تاتی و تاڵشی و گیلەکی و فارسی،.. تاد بە هەمان شێوە لوڕی لە کوردی نزیکترە هەتا فارسی، ئەمە هەرچەندە لوڕی لە پۆلێنکردنی زمانە ئێرانییەکان لە کوردی جودا کراوەتەوە، لەگەڵ فارسی خراوەتە سەر باشووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکان، بەڵام زارە کوردییەکانی دی خراونەتە سەر باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکان.

لە سەرانسەری کوردستاندا، کورد بە لەهجەی جیاواز لەگەڵ یەک دەدوێن؛ سەبارەت بە ڕادەی لەیەکگەیشتنی ئاخێوەرانیشیان، ئەمەش بەپێی لەهجە و ناوچە دەگۆڕێ، بەڵام بەگشتی لەیەکگەیشتن لە نێوان زۆربەی زار و شێوەزارە کوردییەکاندا هەیە، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە ئاخێوەرانی دوو زاری کوردی ماوەیەکی درێژ پێکەوە دەژین، و زارەکان تێکەڵ بە یەک بوون و لەیەکگەیشتن لەنێوانیان ئاسان بووە. ئەگەر کوردێک بۆ یەکەمجار بە لەهجەیەکی دیکەی کوردییەوە ئاشنا بێت، لە سەرەتا لەیەکگەیشتن کەمێک سەختە، دوای مانەوەی بۆ ماوەیەکی کورت بە لەهجەکە ئاشنا دەبێت، و ئیدی پێکەوە لەگەڵ یەک بەو لەهجە کوردییە دەدوێن (١٤).

شیاوی گوتنە لە وڵاتێکی شاخاوی وەک کوردستان کە پڕیەتی لە بەربەستی سروشتی، کە هەتا ئەم دواییەش ڕێگاوبانی بۆ هاتوچۆ زۆر کەم بووە؛ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی نێوان عەشیرەتە کوردەکانیش زۆر کەم و لاواز بووە؛ بەدەگمەن نەبێت یەکێک لە باکووری کوردستانەوە نەهاتووە بۆ باشوور، و لە باشووریش بە زەحمەت یەکێک ڕێی کەتووە بە سەفەر بچێت بۆ ناوچەی لوڕستان کە لەوپەڕی خوارووی کوردستانە، هەروەها سستیی چالاکییە ئابوورییەکان و کەمیی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان بەشەکانی کوردستان و نەبوونی شاری گەورە و کەڵەکە نەبوونی سەرمایە؛ ئەم هۆکارە ئابوورییانە، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ڕادەی

---

١٣ – أمیر شرف خان بدلیسی، شرفنامه، تأریخ مفصل کردستان، بامقدمه و تعلیقات و فهارس بقلم محمد عباسی، چاپ أفست علی اکبر علمی، ١٣٤٣، ص ٢٣.

١٤ – بەش بە حاڵی خۆم لە سەفەرێکم بۆ باکووری کوردستان بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠١، لە شاری مەلاتیاوە دەستم پێ کرد بۆ ئەدیامان و ئورفا و ئامەد و جزیرە و مدیات و سیرت و وان و بایەزید. لەم سەفەرەم مانگێک مامەوە، و توانیم لە ماوەیەکی زۆر کورت، بۆ یەکەمجار زاری کوردیی باکوور (کورمانجی) فێر ببم و بەجوانی لەگەڵ کوردەکانی ئەو ناوە بدوێم، بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ بەربەستێکی زمانی بکەم.

تێکەڵاوبوون و بەریەککەوتنی تاکەکانی کۆمەڵگە، کە لەگەڵیشی زار و شێوەزارەکان بەر یەک دەکەون و لە یەک نزیک دەبنەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا کوردستانی عوسمانی، لەڕووی سیاسییەوە، بە سەر سێ دەوڵەتدا دابەش کرا، کە ئەم دەوڵەتانەش هەمیشە هەوڵی تواندنەوەی زمانی کوردییان داوە و قەدەغەیان کردووە. ئەمەش جارێکی دی هۆکارێکی گرنگی سیاسییە کە کەلێنی نێوان زارە کوردییەکانیان فراوانتر کردووە، بۆیە زۆر ئاساییە، لەم هەلومەرجە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە وڵاتێکی پانوبەرینی وەک کوردستان، لەهجەی هەمەچەشن پەیدا بێت، ئەمە بەتایبەت بۆ ناوچەی هەورامان کە جوگرافیایەکی زۆر سەختی هەیە و پڕیەتی لە کێوی بەرز و تەلان و کەند و لەند، ئەگەر جیاوازیی لەهجە لەوێ قووڵتر و فرەتر بێت، ئەمە دیارە بۆ بەربەستە سروشتییەکەی دەگەڕێتەوە.

## دیدی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ زمانی کوردی و زارەکانی

لە سەدەکانی هەژدەم و نۆزدەمی میلادی کۆمەڵێک لە ڕۆژهەڵاتناس و مسیۆنێر، چ وەک گەڕیدە یان وەک بەرپرسی وڵاتەکەیان ڕوویان لە کوردستان کردووە، یان پێیدا تێپەڕیون. زۆر زانیاری و ڕووداوی گرنگ و مێژووی ئەو سەردەمەیان سەبارەت بە هۆز کوردەکان و زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە کتێبەکانیان تۆمار کردووە. هەندێکیان زمانی کوردییان هەر بە زمان دانەناوە، هەندێکیش پێیان وابووە کە زمانی کوردی جۆرێک لە فارسیی شێوێنراوە کەس لێی تێ ناگا و هیچ سەربەخۆییەکی زمانی نییە. بەڵام ئەو لەهجە کوردییەی کە لە هەمووان زیاتر لای ڕۆژهەڵاتناسان جێگەی باس و مشتومڕ بووە، گۆران - هەورامی بووە، کە زۆربەیان، بەتایبەت لەم سەد ساڵەی دواییدا، پێیان وا بووە گۆران – هەورامی، کوردی نییە و زمانێکی سەربەخۆیە، یان لەهجەیەکی فارسییە. لەم بەشەدا بۆ بەرچاوڕوونی باسەکەمان ڕا و بۆچوونی هەندێک لەم ڕۆژهەڵاتناسانە دەخەینە ڕوو کە لەبارەی زمانی کوردی بەگشتی و بەتایبەت لەبارەی لەهجەی گۆران قسەیان کردووە.

پرۆفیسۆر بێلا ئێدواردس Bela B. Edwards لە وتارێکی لەبارەی زمانی کوردی کە لە گۆڤاری کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەمەریکی لە ساڵی ١٨٥١ بڵاو کراوەتەوە. پێی وایە زمانی کوردی سەر بە خێزانی زمانی فارسییە و هەروەک ئەویش وایە؛ هەندێک ڕێزمان و دەنگی زمانی فارسییان شێواندووە بە جۆرێکی دی دەنگەکان گۆ دەکەن؛ زمانێکە هەر بۆ قسەکردنە و هیچ بایەخێکی بۆ نووسین و ئەدەبیات نییە(١٥). ئوستین هێنری لایارد Austen H. Layard لە ساڵی ١٨٥٣ بەم جۆرە لەبارەی لەهجەکانی کوردی دەدوێ و دەڵێت: " لەهجەکانی کوردی هیچ نین تەنیا چەند لەهجەیەکی شێواوی زمانی فارسی نەبێ؛ بەدەگمەن نەبێت، ئەگەرنا هەرگیز بۆ نووسین بەکار

15 - Prof. Bela B. Edwards, Note on The Kûrdish Language, Journal of the American Oriental Society, Vol. 2 (1851), American Oriental Society, pp. 120-123.

نەهاتوون"(١٦). ئەم ڕوانگە ڕۆژهەڵاتناسییە، کە پێی وا بووە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ نییە و لەهجەیەکی شێواوی فارسییە، هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش بەردەوام دەبێت.[١٧]
لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم کە هێشتا هەمان ڕوانگەی بە فارسیکردنی زمانی کوردی لە ئارادا بوو، چارلس ڕیو Charles Rieu ، یەکەم کەس بووە کە گومان دەخاتە سەر کوردبوونی گۆران- هەورامی و بە لەهجەیەکی فارسی داناوە. دوو پارچە شیعری هەورامی، وەک لە پێشەکییەکە باسی دەکات، کەوا جێمس ریچ لە گەشتەکەی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٨٢٠ لە سنە کڕیویەتی، ئەم دوو پارچە شیعرە لە کتێبێک لەگەڵ کۆمەڵێک دەقی دیکەی فارسی لە کاتالۆگێک بە ناوی کاتالۆگی دەستنووسی فارسی لە مۆزەخانەی بەریتانی، لە ساڵی ١٨٨١ بڵاو کراوەتەوە. چارلس ڕیو، لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێی لەسەر دەقە هەورامییەکە کردووە و لەگەڵ فارسی بەراوردی کردووە؛ لە ئەنجامی ئەم بەراوردە پێی وابووە ئەم لەهجەیە هەرچەندە لە کوردستان قسەی پێ دەکرێ، بەڵام لە ڕووی وشە و پێکهاتی ڕێزمانییەوە، بە شێوەیەکی بنچینەیی فارسییە، هەروەها لە ڕووی فۆنەتیک و گەردانکردن و ئامرازەکانی پەیوەندی prepositions و چەند وشەیەکی دیکەی تایبەت، لەگەڵ فارسی جیاوازی هەیە(١٨).
دەکرێ سەرلەبەری بۆچوون و بەڵگەکانی چارلس ڕیو بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەمە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم باسەیە؛ تەنیا لە ڕووی فەرهەنگۆکی وشەوە سەرنجی ئەو چەند وشەیە دەدەین کە ئەو لە ئەنجامی بەراوردەکە هێناویەتەوە، پێی وایە ئەم وشانە کە لە دەقە هەورامییەکەدا هاتوون، لە فارسییەوە نزیکن، و هەندێک گۆڕانی فۆنەتیکییان بەسەردا هاتووە بوون بە هەورامی. ئەم چەند وشەیە لەم خشتەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو؛ بۆ بەراوردی هەورامی لەگەڵ زارێکی دیکەی کوردی، ستوونی کوردیی ناوەندییشی بۆ زیاد کراوە، بۆ ئەوەی بۆ خوێنەر ڕوون بێتەوە کە ئەم وشە هەورامییانە لەگەڵ زارێکی کوردی نزیکە یان فارسی:

---

16 - Austen H. Layard, Discoveries among the ruins of Nineveh and Babylon, with travel in Armenia, Kurdistan and Desert, G. P. Putnam, New York, 1853, p. 374.

١٧ - ئەگەر سەرنج بدرێ لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم هەندێک ڕۆژهەڵاتناسی دیکە بۆچوونیان لەسەر زارە کوردییەکان بەم شێوەیە نەبووە. بۆ نموونە گەڕیدەی ئینگلیز جێمس ڕیچ لە گەشتەکەی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٨٢٠ زمانی کوردی بە هەموو زارەکان بە زاری گورانەوە بە یەک زمان سەیر کردووە. لە سەفەری بۆ سلێمانی کاتێک سەردانی عوسمان پاشا دەکات، ریچ باسی گوران دەکات؛ پاشای ناوبراویش بۆی ڕوون دەکاتەوە کە گورانەکان دەکرێ بە ئاسانی بناسرێنەوە: بە ڕووخساری دەموچاو و لەهجەکەیان کە کوردییە. هەروەها سەبارەت بە لوڕیی بەختیاریش دەڵێت: هیچ گومان لە کوردبوونیان نییە و زمانەکەیان زارێکی کوردیی لوڕستانییە. بڕوانە:

Claudius James Rich, Narrative of a Residence in Koordistan and on the Site of Ancient Nineveh, James Duncan, London, 1836, p. 81 & 130.

18 - Charles Rieu, Catalogue of the Persian Manuscripts in the British Museum. Vol. II, London,1881, pp.728-733.

| فارسی | هەورامی | کوردیی ناوەندی |
|---|---|---|
| زیادە | زیا | زیاد |
| سپید | سپی | سپی |
| پیادە | پیا | پیادە |
| زود | زوو | زوو |
| دید | دی | بینی، دی |
| شهر | شار | شار |
| فهم | فام | فام |
| زهر | ژار | ژار، ژەهر |
| مهر | مۆر | مۆر |
| کوه | کو | کێو |
| مرغ | مەل | مەل، باڵندە |

| فارسی | هەورامی | کوردیی ناوەندی |
|---|---|---|
| محنت | مەینەت | مەینەت |
| شعلە | شۆلە | شۆڵە، بڵێسە |
| وعدە | وادە | وادە |
| زخم | زام | زام، برین |
| ساعت | سات | سات، سەعات |
| شب | شەو | شەو |
| زبان | زوان | زمان، زوان |
| گونە | وێنە | وێنە، شێوە |
| کدام | کام | کامە، کام |
| صحرا | سارا | سارا |

لەم بەراوردە، لە ستوونە کوردییەکان ڕوون دەبێتەوە کە هەورامی لە ڕووی فەرهەنگۆکی وشەوە لە کوردیی ناوەندی نزیکترە تا فارسییەکە. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە چارلس ڕیو بۆچوونەکەی سەبارەت بە ناسنامەی هەورامی، بۆچوونێکی سەرپێی بووە، شارەزاییەکی قووڵی لەسەر لەهجەکانی زمانی کوردی نەبووە، بەتایبەت هەورامی. لە ژێر کاریگەریی بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسەکانی پێش خۆی بووە کە زمانی کوردییان بە لەهجەیەکی فارسی داناوە. وا پێدەچێ فارسی زانیوە، بەڵام هەورامی و لەهجەکانی دیکەی کوردی نەزانیوە، هەر بۆیە لە بەراوردەکەی بەهۆی بوونی چەند وشەیەکی نزیک بە فارسی لە شیعرە هەورامییەکە، هەورامی زیاتر بە لای زمانی فارسییدا بردووە نەک کوردی، بەڵام بۆ کەسێک کە کوردی و فارسی چاکی بزانێت، ڕوون دەبێتەوە کە هەورامی لە کوردی نزیکترە تا فارسی.

لەسەر هەمان ڕەوتی ڕۆژهەڵاتناسی، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەمان بۆچوون لەبارەی گۆران – هەورامی و زارە کوردییەکانی دی لای بەشیکی زۆر لە کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکان دووبار دەبێتەوە.

مەیجەر سۆن، دوای چارلس ڕیو، لە نووسینەکانی زۆر بەتوندی نکوولی لە ناسنامەی کوردیبوونی هەورامی دەکات. هەمان بۆچوونی ڕیو بۆ هەورامی دووبارە دەکاتەوە و پێی وایە هەورامی لەهجەیەکی فارسی بووە، بەڵام دوای هاتنی عەرەب بۆ ناوچەکە، بە هۆی شاخاوی و سەختی شوێنەکەیان لە هەورامان، خۆی لە وەرگرتنی وشەی عەرەبی پاراستووە، و ئەو گۆڕانەی کە بە سەر فارسی نوێدا هاتووە بە سەر هەورامیدا نەهاتووە. هەروەها دەڵێ: دابڕانی هەورامی

هەر لە زووەوە لە زمانی دایک، دوچاری هەندێک گۆڕانی فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجی هاتووە. بۆ ئەم مەبەستەش چەند شیعرێکی هەورامی بە نموونە هێناوەتەوە لە بەراوردەکەی هەمیشە تەئکید دەکاتەوە کە ئەمە لەهجەیەکی فارسییە(١٩). لە شوێنێکی دیکەی هەر ئەم وتارە کە دێتە سەر لەهجەی زازاکی پێی وایە ئەویش کورمانجی (کوردی) نییە، وەک هەورامی وایە بەڵام ئەو لە کورمانجی گەلێک وشەی خواستووە، نەکەوتووەتە ژێر تەئسیری فارسیی نوێ، لەهجەیەکی گۆرانی باش پارێزراوە(٢٠).

مەیجەر سۆن لە هەموو نووسینەکانی دیکەی کە دێتە سەر زمانی کوردی هەمیشە ئەو بانگەشەیە دووبارە دەکاتەوە؛ بۆ نموونە لە کتێبێکی دیکەی کە ڕاپۆرتێکە سەبارەت بە ناوچەی سلێمانی؛ لەم ڕاپۆرتەدا کە دێتە سەر زمانی کوردی، باسی هەورامی دەکات و دەڵێ: هەورامان زمانێکی تەواو جیاوازی هەیە، لەهجەی هەورامی وەک دیارە فارسییە، بەوە دەناسرێتەوە کە لەلایەنی فرمانەوە verbs شێوە ڕێزمانەکەی کوردی نییە(٢١). لە شوێنێکی دیکەی هەر ئەم ڕاپۆرتە دووبارە لە باسی زمان دێتەوە سەر هەورامی و دەڵێت: " لە بنەچەدا کوردی نییە هەر لە فارسی کۆنەوە نزیکە، یان ڕەنگە زمانی تاجیکی بێ لە سەردەمێک لە ناوەڕاستی ئێران قسەی پێ کراوە، یان بۆی هەیە لە ڕەگەزێکی دی بن و لە ئێرانەوە بۆ باشووری کوردستان کۆچیان کردبێت، بەهەرحاڵ لە ئەسڵێکی کوردی نییە "(٢٢). مەیجەر سۆن لە کتێبێکی دیکەی دووبارە دێتەوە سەر باسی گۆرانەکان، دەڵێ: ئەگەر گۆرانەکان لە ڕووی ئەتنۆگرافییەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ، ڕەنگە بگەینە ئەو ئەنجامە کە ئەوانە کورد نەبن، ئەوجا یان فارسن یان لوڕن، هەروەها دەڵێت لە ناوچەی سنووری نێوان کوردستان و لوڕستان، چەند هۆزێک هەن، ئەوانە نە کوردن و نە لوڕن، بە لەهجەیەک قسە دەکەن کە وا پێدەچێ پاشماوەی فارسی (تاجیکی) کۆن بێت(٢٣).

لە ژێر کاریگەریی ئەم بۆچوونانەی مەیجەر سۆن، کوردناسی ئینگلیز درایڤەر Driver لە توێژینەوەیەک بەناوی «توێژینەوە لە مێژووی کورد» کە لە ساڵی ١٩٢٢ لە گۆڤاری قوتابخانەی لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان بڵاو کراوەتەوە. ئەویش پێی وایە کوردی لەهجەیەکی عامیی زمانی فارسییە. دواتر کە دێتە سەر باسی لەهجەی گۆران، دەڵێ: بۆ کوردبوون وەک کورمانجی نییە، ڕێزمان و وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵکو تەنیا شێوە زمانێکی فارسییە و لەوانەیە

19 - E. B. Soane, A short anthology of Guran poetry, Journal of the Royal Asiatic Society, Part I, January, 1921 pp. 57-81.

20- Ibid. P.60.

21 - E. B. Soane, Report on the Sulaimania District of Kurdistan (1910), Kurdology Center, Sulaimani, Kurdistan – Iraq, 2008, p. 18.

ئەم کتێبەی مەیجەر سۆن بە ناوی ڕاپۆرتێک لەسەر ناوچەی سلێمانیی کوردستان، لە ساڵی ١٩١٠ بڵاو کراوەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن سێنتەری کوردۆلۆجی لە سلێمانی دووبارە چاپ کراوەتەوە.

22 - Ibid. P.80 – 81.

23 - E. B. Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in disguise with historical notices of Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan, John Murray, London, 1926, p.381.

هەر لە زووەوە لە زمانی دایک جودا بووبێتەوە، لەپاشان بە ڕادەیەکی زۆر لە کورمانجی وشەی خواستووە(٢٤). وەک دیارە ئەم بۆچوونانەی درایڤەر لەبارەی گۆران - هەورامی هەمان ڕایەکانی مەیجەر سۆنە، بەبێ لێکۆڵینەوە، دووبارەی کردووەتەوە و لە پەراوێزەکەش ئاماژەی بە کتێبەکانی سۆن داوە.

لە بۆچوون و بیروڕا جیاوازەکانی سۆن لەبارەی گۆران و لەهجەی هەورامی، جۆرێک لە نارۆشنی و دژبەیەکی و دوودڵی هەیە، ئەو هەمیشە دووبارە و چەند بارەی دەکاتەوە کە ئەوانە کورد نین و لەهجەکەشیان کوردی نییە، هەندێک جار زۆر بە ڕاشکاوی ئەوە ڕادەگەیەنێ؛ لە هەندێک شوێنی دی بە جۆرێک لەسەریان دەدوێ وەک بڵێی هێشتا بە باشی دڵنیا نییە ئەوانە چین، هەر بۆیە وای پێ باشە لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافییان لەسەر بکرێ. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش ئەگەر ئەو هێشتا دڵنیا نییە کە ئەوانە چین، کەواتە بۆ دەبێ ئەوەندە پێداگری لەسەر کورد نەبوونیان بکات، یان بۆ دەبێ ئەوەندە سوور بێت کە لەهجەیەکی فارسییە و کوردی نییە؟

دیارە سۆن- یش وەک ئەوانەی پێش خۆی تەنیا بە بەراوردێکی سەرپێی نێوان هەورامی و فارسی ئەو بڕیارەی داوە نەک بە وردبوونەوە و بەراوردێکی زانستییانەی بۆ زارە کوردییەکان لەگەڵ هەورامی، ئەمە بێجگە لەوەی لە دیارکردنی ناسنامەی ئەم لەهجەیە ئەویش تەنیا حیسابی بۆ پێوەرە زمانەوانییەکان کردووە، ناسنامەی کولتووری و ئەتنیکی هەورامییەکانی ڕەچاو نەکردووە کە لە بنەچەدا کوردن.

لە زمانناسیدا، ئەو زمانانەی کە سەر بە هەمان خێزانی زمانین لە ڕووی وشە و ڕێزمانەوە لەیەکچوونیان هەیە. زمانی کوردیی هەورامی یان لەهجەکانی دیکەی کوردی لەگەڵ فارسی ئەگەر لەیەکچوونیان هەبێت، ئەمە زیاتر بەهۆی ئەوەیە کە سەر بە گرووپی زمانە ئێرانییەکانن، پێکەوە خزمایەتییان هەیە، ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە هەورامی لەهجەیەکی فارسی بێت. هەروەک هەمان پەیوەندیی زمانی لەنێوان زمانە جەرمەنییەکانیشدا هەیە، وەک ئەو خزمایەتییە زمانییە کە لە نێوان هۆڵەندی و ئەڵمانی لە ڕووی ڕێزمان و وشەوە هەیە، یان لە زمانە جەرمەنییەکانی باکوور لە نێوان سوێدی و نەرویجی و دانمارکیدا هەیە. ئەم خزمایەتییە زمانییە هەرگیز نەبووەتە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو زمانانە یەک لەهجەی ئەوەی دی بێت و زمانی ئەو نەتەوانە نەبێت. لە بارەی تاجیکییەوە کە لەهجەیەکی زمانی فارسییە ئەمڕۆ لە ئەفغانستان و تاجیکستان لەلایەن تاجیکەکانەوە پێی دەدوێن؛ کە مەیجەر سۆن، هەورامی دەداتە پاڵ ئەو لەهجە فارسییە. ئەم بۆچوونە هیچ بنەمایەکی زمانەوانی و زانستی نییە، چونکە وەک لە سەرەوە ڕوون کرایەوە لە ڕووی فەرهەنگۆکی وشەوە هەورامی ئەوەندەی لە کوردیی ناوەندی نزیکە ئەوەندە لە فارسی نزیک نییە بە ڕێزمانیش بە هەمان شێوە. ئەگەر بەراوردێکی ڕێزمانی کوردیی ناوەندی و هەورامی لەگەڵ ڕێزمانی فارسی بکرێ، ئەوە بە ڕوونی دیارە کە کوردیی ناوەندی لە فارسی زیاتر نزیکە تا هەورامییەکە. لەم خشتەیەی خوارەوە

---

24 -G. R. Driver, Studies in Kurdish History, Bulletin of the School of Oriental Studies, University of London, Cambridge University Press, Vol. 2, No. 3 (1922), p.505.

بەراوردێکی چاوگ لە نێوان کوردیی گۆران – هەورامی، زازاکی، کوردیی ناوەندی لەگەڵ فارسی دەکەین، گیلەکییش وەک زمانێکی ناوچەی دەریای خەزەر بە نموونە دێنینەوە:

| **گیلەکی**[٢٦] | **فارسی** | **کوردیی ناوەندی** | **کوردیی زازاکی (کردکی، دملکی)**[٢٥] | **کوردیی گۆران - هەورامی** |
|---|---|---|---|---|
| کۆردەن، کودەن | کردن | کردن | کەردیش/ کەردەنە | کردەی |
| خۆندەن | خواندن | خوێندن | وەندیش/ وەندەنە | وانای |
| بوئن | بودن | بوون | بیاییش/ بییەنە | بیەی |
| خۆتەن، خوفتەن | خوابیدن | خەوتن | هەوناشیاییش/ هەون را شیەنە | وتەی |
| گوتەن | گفتن | گوتن | ڤاتیش/ ڤاتەنە | واتەی |
| خۆردەن | خوردن | خواردن | وەردیش/ وەردەنە | واردەی |
| ئامۆن | آمدن | هاتن | (ها)ئامەییش/ (ها) ئامەیەنە | ئامای |
| شۆن | رفتن | ڕۆیشتن، چوون | شیاییش/ شیەنە | لوای |
| نیویشتەن | نوشتن | نووسین | نووشتیش، نووسناییش/ نووشتەنە، نووسنایەنە | نویستەی |

25 - Roşan Lezgîn, Ji bo Kurmancan bi Awayê Muqayeseyî: Gramera Kirdkî (Zazakî), Weşanxaneya Roşna, Dîyarbekir, 2013.

زازاکی یان کردکی دوو جۆر چاوگی هەیە: ناوچەی دەرسیم بە پاشگری " ئەنە" کۆتایی دێت، ناوچەکانی دی بە پاشگری "ئیش"

٢٦ – زمانی گیلەکی یەکێک لە زمانە ئێرانییەکانی باکووری ڕۆژئاوایە، ئاخێوەرانی لە ئوستانی گەیلانی سەر کەناری دەریای خەزەر نیشتەجێن. لەم خشتەیە وشە گیلەکییەکان بە ڕێنووسی کوردی نووسراون، بەڵام فارسییەکان هەر بە ڕێنووسی فارسی نووسراون. ئەم وشە گیلەکییانە ئەم فەرهەنگە گیلەکی – فارسیی هسەیر کراوە:

منوچهر ستوده، فرهنگ گیلکی، نشرییه انجمن ایرانشانی، تهران. بهمن ١٣٣٢ خورشیدی.

لەم خشتەیە ئەگەر سەرنجی هەردوو ستوونی هەورامی و زازاکی بدەین، دەبینین کە ئەم دوو زارە لە پێکهاتەی وشەکانیان یەک ڕیشەیان هەیە، بەڵام لە دروستکردنی چاوگ لە هەورامی بە پاشگری "ی" کۆتایی دێت، بەڵام لە زازاکی دوو پاشگری هەیە "یش" و ئەنە". بەڵام ئەگەر سەرنجی چاوگ بدەین لە کوردیی ناوەندی و فارسیدا، دەبینین هەموو چاوگەکان بە "ن" کۆتاییان دێت و لە گەردانکردنیش وەک یەکن، یان نزیکن لە یەک، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا فارسی و کوردیی ناوەندی بە دوو زمان دادەنرێن و نەک دوو لەهجە، بەڵام کوردیی ناوەندی لەگەڵ هەورامی و زازاکی سەر بە یەک زمانن. ئەگەر سەرنجی ستوونی گیلەکی بدەین، کە زمانێکی دەریای خەزەرە، لە ڕووی چاوگەوە لە کوردیی ناوەندی نزیکترە هەتا فارسی و هەورامی، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەی وشەوە لە هەورامی و زازاکییش نزیکە. لەم خشتەیە نیشان دەدات کە زمانە ئێرانییەکان هاوڕیشەن، لە هەموو ئاستەکانی زمانەوە لە یەک نزیکن، بەڵام لە هەندێک دۆخی ڕێزمانی لە یەک دوور دەکەونەوە. لە دۆخی چاوگ هەورامی لە فارسی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام کوردیی ناوەندی لە فارسی نزیک دەبێتەوە. ئەمانە و زۆر دۆخی دیکەی ڕێزمانی و دەنگسازی لە هەورامیدا هەیە لە فارسی دووری دەخاتەوە، هەروەها بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ڕێزمانی و دەنگسازی و بە فەرهەنگۆکی وشە هەورامی لەگەڵ کوردیی ناوەندی هاوبەشە و لە فارسی دوور دەکەوێتەوە.

وەک ئاشکرایە مەیجەر سۆن کوردیی ناوەندی بە چاکی زانیوە بە خوێندن و نووسین و قسەکردن؛ یەکەم کەسیش بووە ڕێزمانی کوردیی ناوەندی بە ئینگلیزی نووسیوەتەوە(٢٧)، هەروەها فارسییشی بە چاکی زانیوە، بۆیە دەبوایە بەوردی سەرنجی ئەم دۆخە ڕێزمانییانەی بدایە، هەر وا بە سەرپێی بڕیار نەدات و نەکەوتبایە ئەم هەڵەیەوە پێی وا بێت هەورامی لەهجەیەکی فارسییە و کوردی نییە. چارلس ڕیوش بە هۆی کەمیی زانیاری و وردنەبوونەوە، لە پێش سۆن بە سەر هەمان هەڵەدا کەتووە.

مەیجەر سۆن لە نووسینەکانی لەبارەی زمانی کوردییەوە هەر بە تەنیا لەهجەی هەورامی ناکات بە فارسی، بەڵکو ئەردەلانی و کەڵهوڕی و لوڕییش دەخاتە پاڵ زمانی فارسیی کۆنەوە. لەبارەی لەهجەی ئەردەلانییەوە، پێی وایە ئەو لەهجەیەش هەر لە فارسیی کۆن وەرگیراوە، لە کۆندا وەک هەورامی بووە، لەپاشان دوای کۆچکردنی کوردەکانی سەرەوەتر، واتە لە ناوچەی موکریان، بۆ سنە و دەوروبەری، لەهجەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە موکریانی نزیک بووەتەوە(٢٨). سۆن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ڕایانەی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و زمانەوانی

---

27 - E. B. Soane, Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language, Luzac & Co. London, 1913.

28 - E. B. Soane, Report on the Sulaimania District of Kurdistan (1910), Kurdology Center, Sulaimani, Kurdistan – Iraq, 2008. p.80.

ئەم گریمانانەی مەیجەر سۆن سەبارەت بە گۆران و هەورامی لە کتێبەکەی محەمەد ئەمین زەکی بەگ بەناوی خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان ڕەنگی داوەتەوە، کە بیست ساڵێک دوای کتێبەکەی مەیجەر سۆن، لە ساڵی ١٩٣١ کتێبەکەی بڵاو دەکاتەوە. لەبارەی بنەچە و مێژووی لەهجەی هەورامییەوە، ئەویش بەبێ لێکۆڵینەوە، هەمان ڕایەکانی مەیجەر سۆن دووبارە کردووەتەوە، لەبارەی هەورامییەوە دەڵێت: ڕەنگە لە بنەچەدا زمانی تاجیک بێ و

پتەو نادات بە دەستەوە، بۆیە ئەمانە چەند بۆچوونێکی سەرپێی و گریمانکارییە و لە ژێر کاریگەریی بۆچوون و گریمانەکانی پێش خۆیەتی بۆ زمانی کوردی و زارەکانی(٢٩).
بە بەراوردێکی زمانەوانی لە نێوان کوردیی ناوەندی لەگەڵ بنزاری ئەردەلانی زۆر بە ڕوونی دیارە کە ئەردەلانی بنزارێکی کوردیی ناوەندییە، لە هەموو ئاستەکانی زمانەوە لە کوردی نزیکە نەک فارسی، بەڵام بە هەندێک پێکهاتەی ڕێزمانی و دەنگسازی و فەرهەنگۆکی وشە کاریگەریی هەورامی و کوردیی خواروو(کەڵهوڕی)ی بە سەرەوەیە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە جوگرافییەکەی کە ئەردەلانی لە ناوچەیەکی پەڕینەوەیە لە نێوان هەورامان و کوردیی خواروو کە لە سنەوە دەست پێ دەکات بۆ کامیاران و کرماشان.
ئەوەی ڕوون و بەرچاوە لە کاری ڕۆژهەڵاتناسان، زمانی فارسییان کردووە بە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە ڕەسەنایەتی و ناسنامەی زمانی کوردی، نەیان توانیوە وەک زمانێکی سەربەخۆ لە زمانی کوردی بڕوانن، کە ناسنامەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆی هەیە، هەر بۆیە زۆر بە ئاسانی، ئەسڵ و بنەچەی لەهجە کوردییەکانیان بردۆتەوە سەر فارسی کۆن یان پەهلەوی یا تاجیکی. لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم مسیۆنێری ئەمەریکی فۆسوم Fossum

---

لەبارەی ئەردەلانی کۆن و کەڵهوڕ و لەکیش هەر هەمان ڕایەکانی سۆن بە بێ دەستکاری وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، کە لە کتێبەکەی سۆن بە ناوی (1910) Report on the Sulaimania District of Kurdistan هاتووە.
بڕوانە: محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، لە زۆر قەدیمەوە تا دەوری ئیمڕۆ، ئامادەکردن: ڕەفیق سالح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢٢٩ – ٢٣٠.

٢٩ – مەیجەر سۆن لە زۆربەی کتێبەکانی سەبارەت بە زمان و ڕێزمانی کوردی هەمیشە ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە ئەو پروپاگەندانەی کە دژ بە زمانی کوردی کراوە کە گوایە "زمانێکی تێکەڵ پێکەڵی ناسازە و لەهجەیەکی شێواوی زمانی فارسییە، یان زمانێکی دەستکردە، لە وشەی فارسی و تورکی و ئەرمەنی پێک هاتووە، یان زمانێکە کەس لێیان تێ ناگات بە غەیری خۆیان کە قسەی پێ دەکەن" لەپاشان دەڵێت: " ئەوانە هیچی ڕاست نین، کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و بە پاکترین زمانی ئارییەکان دادەنرێت و پاشماوەی زمانی ئاڤێستا و مادەکانە" سۆن، بەم جۆرە زمانی کوردی بەرز دەنرخێنێ، کەچی هەر خودی سۆن کە دێتە سەر توێژینەوە لەسەر لەهجە کوردییەکان، زۆر کەم لەهجەی کوردی هەیە ئەسڵەکەی نەباتەوە سەر فارسی کۆن و تاجیکی یان پەهلەوی، تەنها لەهجەیەکی کوردی کە ڕزگاری بووبێ و ئەو بە کوردییەکی ڕەسەن و پاک و پەتی دادەنێت، ئەویش لەهجەی ناوچەی موکریانە چونکە پێی وایە ئەو ناوچەیە لە باشووری دەریاچەی ورمێ شوێنی مێژوویی مادەکان بووە. هەندێک جار لەهجەی ناوچەی هەکاریش دەخاتە پاڵ ئەو زمانە ڕەسەنە کوردییە، چونکە پێی وایە ناوچەی نێوان دەریاچەی ورمێ و دەریاچەی وان، شوێنە جوگرافییەکەی ناوەڕاستی کوردستانە و زمانەکەی بە پاکی ماوەتەوە، هەروەها شوێنی مێژوویی نیشتەجێبوونی مادەکانیش بووە. بۆ ئەم بۆچوونانەی مەیجەر سۆن بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

E. B. Soane, Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language, Luzac & Co. London, 1913, pp. 3 – 13.

E. B. Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in disguise with historical notices of Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan, John Murray, London, 1926, p.387.

E. B. Soane Notes on Kurdish Dialects: The Shadi Branch of Kurmanji. Sulamania, (Southern Turkish Kurdistan) - Includes a Southern Kurdish Folksong in the Kermanshahi Dialect, Asian education services, New Delhi, Madras, 2003

درکی بەم ئیشکالیەتە کردووە، لە پێشەکیی کتێبەکەی لەسەر ڕێزمانی کوردی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ کاری مسیۆنێری لە ناوچەی موکریان دایناوە، دەڵێت: " زماناسە ئەوروپییەکان لە چاویلکەیەکی فارسییەوە لە زمانی کوردییان ڕوانیوە، یان دەڵێ، ئەوان بۆ تێگەیشتن لە بنەچە و فۆرمەکانی زمانی کوردی بە (ئەسپی فارسی) لێیان خوڕیوە"(٣٠).

دوای مەیجەر سۆن، ڤلادیمێر مینۆرسکی- یش وەک ئەوانەی پێش خۆی نکوولی لە کوردبوونی گۆران - هەورامی دەکات، پێی وایە گۆران کورد نین و لەهجەکەشیان کوردی نییە. لە مێژوودا بە دوای ڕیشەی ناوی گۆراندا دەگەڕێ و وای بۆ دەچێ کە گۆرانەکان لە ناوچەی دەریای خەزەر(قەزوین) بۆ ناوچەی ئێستایان کۆچیان کرد بێت، و زمانەکەشیان هەر زمانێکی کۆنی ئەو ناوچەیە(٣١). لەم باسەی مینۆرسکی تەنیا باس لە ڕیشەی ناوی گۆران دەکات کە بەپێی تێگەیشتن و لێکدانەوەی خۆی ئەوان لە بنەچەدا لەو ناوچەیە هات بن؛ بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نادات بە دەستەوە کە ئەوان کەی و چۆن و بۆچی کۆچیان کردووە بۆ ئەوێ. بوونی چەند ناوێکی وەک دەیلەم و دەیلەمستان و گیلان و لاهیجان لە ناوچەی گۆرانەکان و ڕۆژئاوای ئێران دەکاتە بەڵگەیەک کە ئەوانە لە ناوچەی گیلانی سەر دەریای خەزەرەوە کۆچیان کرد بێ و ئەو ناوانەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. یانیش پێی وایە ناوی دملی (زازایی) هەڵگەڕاوەی ناوی دەیلەمە(٣٢). ئەم جۆرە بۆچوونانە لە ڕووی مێژووییەوە تەنیا بە گریمانکاری دادەنرێت بەڵگەیەکی سەلمێنراوی ئەم مەسەلەیە نییە. هەروەک مینۆرسکییش خۆی هەر وای بۆ دەچێت، کە ئەمانە چەند ڕاو بۆچوونێکە لەسەر بنەچەی گۆران.

دەیڤید مەکەنزی، چەندین لێکۆڵینەوەی هەمەچەشنیی لەبارەی زمانی کوردی و زارەکانی نووسیوە. لە بواری لێکۆڵینەوە لەمەڕ لەهجەی هەورامی کتێبێکی نووسیوە بە ناوی دیالێتکتی هەورامان «The Dialect of Awroman» لەم کتێبەدا لە پێشەکییەکەی باسی ئەوە دەکات کە لەساڵی ١٩٥٧ کەسێکی خەڵکی هەورامانی لهۆنی لە لەندەن بینیوە، سەرچاوە و کەرەستەی لەهجەی هەورامی لەو کەسە وەرگرتووە، لەپاشان لە ڕووی فۆنەتیک و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسەوە دیراسەی کردووە، وای بۆ دەچێت کە ئەو لەهجەیە لە لەهجەکانی دیکەی زمانی کوردییەوە دوورە و لە زۆر ڕووەوە تایبەتمەندیی لەهجەیەکی کۆنی ئێرانی ناوەندی هەیە(٣٣)، (٣٤).

---

30 - L. O. Fossum, A practical Kurdish Grammar, The Inter – Synodical EV. Lutheran Orient – Mission Society, 1919, p. 6.

31 - Vladmir Minorsky, "The Gûrân," Bulletin of the School of Oriental and African Studies, Vol. 11, Part I, 1943, pp. 75-103.

٣٢ – دەیلەم و دەیلەمستان، ناوی ناوچەیەکی شاخاوییە لە ویلایەتی گەیلان لە سەر دەریای خەزەر. لە سەردەمی ئال بویە لە سەدەی چوارەمی هیجری دەیلەمستان هەموو گەیلان و تەبەرستان و گورگانیشی گرتووەتەوە. ئێستاش دەیلەم ناوی شارێکە لە ئوستانی گەیلان.

33 - D. N. Mackenzie, The dialect of Awroman (Hawraman-i Luhon) Grammatical sketch, texts, and vocabulary, Munksgaard, Kobenhavn 1966, pp.3-4.

مەکەنزی لە نووسینێکی دیکەی لەبارەی «گۆران» لە ئینسکلۆپێدیای ئیسلامدا، جارێکی دی دێتەوە سەر بنەچەی گۆران و پێی وایە ئەو گریمانەی کە ئەسڵی گۆرانەکان دەباتەوە بۆ نزیک دەریای خەزەر (قەزوین) لە ڕووی زمانەوە پشتیوانی لێ دەکرێ. گۆرانە زازاکان (دملی) لە دەریای خەزەرەوە بۆ ڕۆژئاوا بۆ ناوچەی ئەرمەنستانی کۆن، کۆچیان کردووە، بەڵام گۆرانەکانی پێشوو بۆ باشوور کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی باشووری چیاکانی زاگرۆس، دواتر کەوتوونەتە ژێر شەپۆلی کوردەکان کە لەو ناوچەیەدا بڵاو بوونەتەوە، زمانی گۆرانەکانیش تەئسیری خۆی لەسەر کوردیی ناوەندیدا بەجێ هێشتووە(٣٥). ئەم بۆچوونەی مەکەنزی وەک ئەوەی مینۆرسکی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە تا ئەو کۆچکردنە گەورەیە ڕوون بکاتەوە، بۆیە ناکرێ وەک ڕاستییەکی مێژوویی و زمانەوانی پشتی پێ ببەسترێ. ئەگەر وای دابنێین ئەمەش ڕاست بێت، گۆران و زازا لە ناوچەی دەریای خەزەرەوە بۆ کوردستان کۆچیان کردبێت، ئەمە دووبارە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە گۆران و زازا تێکەڵبوونیان بۆ ئەو ماوە درێژە و بە بەردەوامی لەگەڵ کورد و ناسینی خۆیان وەک کورد و ناسینی زمانەکەیان وەک لەهجەیەکی زمانی کوردی، ئەمانە ڕەگەزی سەرەکین بۆ ناسینی ئەو کۆمەڵە خەڵکە وەک کورد. دیارە هیچ نەتەوەیەک هەر لە ئەزەلدا نەتەوە نەبووە، دەرکەوتنی نەتەوە لە مێژوودا پرۆسەیەکی مێژوویی و زمانی و فەرهەنگی درێژخایەنە، بەردەوام لە گۆڕان و پەرەسەندندایە، تا بەو ڕۆژە دەگات کە ئەو کۆمەڵە خەڵکە خۆیان وەک یەک نەتەوە دەناسێنن.

مەکەنزی نەک هەر گومان دەخاتە سەر لەهجەی هەورامی، بەڵکو گومان دەخاتە سەر لەهجەکانی دیکەی کوردی بە گشتی. لە نووسینێکی دیکەی بە ناوی « The Origins of Kurdish»، واتە ئەسڵەکانی زمانی کوردی. لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێی بەراوردکردنی کۆمەڵێک وشەی کوردیی ناوەندی و هەورامی و فارسی و بەلوچی و ئاڤێستایی و زمانانی دیکەی دەریای خەزەر، بەو ئەنجامە گەیشتووە کە زمانی کوردی لە ژێر کاریگەریی زمانی ئێرانی ناوەندیدا پەرەی سەند بێت و سەر بە گروپی زمانە ئێرانییەکانی باشووری ڕۆژئاوا بێت، نەک، وەک سەلمێنراوە کە سەر بە گروپی زمانە ئێرانییەکانی باکووری ڕۆژئاوایە، کە ئەو ناوچەیە شوێنی مێژوویی مادەکان بووە، هەر لەسەر ئەو ئەساسە زمانەوانییەش پێی وایە کورد لە نەوەی مادەکان نین(٣٦).

---

٣٤ - زمانە ئێرانییەکانی ناوەندی چەند زمانێک دەگرێتەوە کە لە سەدەی سێیەمی میلادییەوە دەست پێ دەکات تا سەدەی دەیەمی میلادی. دوو گروپی زمانە ئێرانییەکان دەگرێتەوە: ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، کە ئەمانەن: پەهلەوی کە زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی ساسانی بوو، خۆتانی، سۆغدیان، باکتریا، پارتی، خوارەزمی.

35 - D. N. Mackenzie, Guran, The Encyclopedia of Islam, B. Lewis, Ch. Pellat and J. Schcht (edited). New edition, Luzac & Co, London, 1965. p. 1139.

36 - D.N. MacKenzie, The Origins of Kurdish, Transactions of the Philological Society, 1961, P.86.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی چەند نموونەیەکی گۆڕانی دەنگی لە چەند زمانێکی ئێرانی هیناوەتەوە لەگەڵ زارە کوردییەکان بەراوردی کردووە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی باسەکە لە خوارەوە چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو(٣٧):

گۆڕانی دەنگی (و/ ڤ) لە کوردیی ناوەندی و باکوورەوە بۆ (م) لە گۆران(هەورامی) و زمانە ئێرانییەکانی دی:

| پەشتۆنی | گیلەکی | بەلوچی | گۆران(هەورامی) | کوردیی (ناوەندی/باکوور) | فارسی |
|---|---|---|---|---|---|
| | چوم | چەم | چەم | چاو / چاڤ | چشم |
| تۆما | توم | تۆم | تۆم | تۆو / تۆڤ | تخم |
| | | شۆم | شووم | شۆ، شۆڤ، شیف | شخم |
| نوم | نوم | | نام | ناو/ ناڤ | نام |

پاراستنی دەنگێکی کۆنی وەک (ژ) لە کوردی و گۆرانی کە لە فارسی و بەختیاری دەبێت بە (ز):

| بەلوچی | گۆران (هەورامی) | کوردیی ناوەندی | لوڕیی بەختیاری | فارسی |
|---|---|---|---|---|
| جەن | ژەن | ژن | زەنا | زن |
| | ژیوای | ژین، ژیان | | زیستن |
| جیگ | ژێ | ژێ | زێ | زە (زەهکمان) |

گۆڕانی دەنگی (ی) بۆ (ج) کە لە کوردی وەک فارسی بۆ (ج) گۆڕاوە، بەڵام لە گۆران – هەورامی و ئاڤێستایی هەر بە( ی) ماوەتەوە:

| ئاڤیستایی | گۆرانی(هەورامی) | کوردیی ناوەندیی | فارسی |
|---|---|---|---|
| یاوا | یەوە | جۆ | جو |
| یەکار | یەهەر | جەرگ، جگەر | جگر |

دەنگی ڕەسەنی (خ) کە لە سەرەتای هەندێک وشەی کوردی و فارسی هەیە لە گۆرانی و بەلوچی دەگۆڕێت بۆ (و):

| ئاڤێستایی | بەلوچی | گۆرانی(هەورامی) | کوردیی ناوەندی | فارسی |
|---|---|---|---|---|
| | وان | وان(وانای) | خوێن(خوێندن) | خوان (خواندن) |

37 - Ibid. p. 73 – 77.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | وار | وار(واردەی) | خوار(خواردن) خار | خور(خوردن) |
| خووەتۆ | وات | وی | خۆ | خود |

گۆڕانی دەنگی (و) بۆ (ب) لە سەرەتای هەندێک وشە کە لە زاری کوردیی ناوەندی و باکوور وەک فارسییە، بەڵام لە گۆرانی و کوردیی خواروو (کەڵهوڕی) و هەندێک زمانی دیکە ئێرانی دەبێت بە (و)، بەڵام لە بەلوچی بووە بە(گ):

| **بەلوچی** | **سێمنانی** | **کوردیی خواروو (کەڵهوری)** | **گۆرانی(هەورامی)** | **کوردی ناوەندی و باکوور** | **لوڕیی بەختیاری** | **فارسی** |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گوات | وا | وا | وا | با | باد | باد |
| گواریس | ڤەراش | واران | واران | باران | باران | باران |
| گیر | | ویر | ویر | بیر | ڤیر | یاد، فکر |

پاراستنی دەنگی فر لە دەستپێکی هەندێک وشە کە لە زۆربەی زمانە ئێرانییەکانی باکووری رۆژئاوایی دەبێت بە (هر) یان (هەر) لە بەلوچی دەبێت بە (ش):

| **بەلوچی** | **گۆرانی(هەورامی)** | **کوردی** | **فارسی** |
|---|---|---|---|
| شاواشک | ورەش | فرۆش | فروش |
| | هەرمان | فەرمان (کار) | فرمان(حکم) |

لە بەراوردی لوڕی لەگەڵ زارە کوردییەکانی دی هەمان میتۆدی گۆڕانی دەنگی بەکار دێنی کە لوڕی و کوردی پێکەوە لەڕووی دەنگسازییەوە پەرەیان نەسەندووە، بۆ نموونە بۆ گۆڕانی دەنگی (د) لە فارسییەوە بۆ لوڕی و کوردی پێکەوە و هاوکات نییە:

| **بەلوچی** | **کوردی** | **گیلەکی** | **گۆرانی(هەورامی)** | **لوڕیی بەختیاری** | **فارسی** |
|---|---|---|---|---|---|
| زاناگ | زانین | | زانای | دونیستەن | دانستن |
| | زاوا، زاڤا | زاما | زاما | دوما، دۆوا | داماد |

بەم میتۆدە زمانەوانییە بەراوردکارییە کە گۆڕان و پەرەسەندنی دەنگسازییە، مەکەنزی دەیەوێ بیسەلمێنێ کە زمانی کوردی یەک ڕیشەی نییە، چونکە سیستەمی دەنگسازیی هەموو زارە کوردییەکان پێکەوە لە یەک کات پەرەیان نەسەندووە، بۆیە ئەم زارانە ڕیشەیان یەک نییە، ناوبراو گۆرانی(هەورامی) وەک جەزیرەیەک سەیر دەکات لەناو دەریای زمانی کوردیدا، کە ڕیشەکەی جیاوازە و هاوکات لە ڕووی دەنگسازییەوە لەگەڵ کوردیی ناوەندی و باکوور پێکەوە پەرەیان نەسەندووە، بۆیە نابێ ئەمە کوردی بێت، لە زۆر ڕووەوە تایبەتمەندیی زارێکی کۆنی

ئێرانیی ناوەندی هەیە(٣٨). ئەم میتۆدە لە بەراوردکاریی دوو زمان و دوو زار، ڕوانگەیەکی وەسفی مێژووییە بە شێوەی دایاکرۆنیک (گەشەکردنی زمان بە تێپەڕبوونی کات)، گەڕانە بە دوای ڕەگوڕیشەی زمانەکە و زارەکە، زیاتر ڕەچاوکردنی گۆڕانی مێژوویی دەنگە لە زمان و زارەکاندا، کە بەم میتۆدە زمانەوانییە پەتییە، هەموو زمانەوانە ڕۆژئاواییەکان سەیری جیاوازیی زار و زمانیان کردووە، لایەنە کۆمەڵایەتی و مێژووی و کولتووریی ئاخێوەرانیان ڕەچاو نەکردووە، هەر بۆیە کاتێک بەراوردی گۆران – هەورامی لەگەڵ کوردیی ناوەندییان کردووە، یان زازاکی و کورردیی باکووریان کردووە دەبینین مێژووی گۆڕانی دەنگی نێوان ئەم دوو زارە هاوکات و وەک یەک نییە، هەر دوو زار بە دوو ڕەوتی جیاوازیی گۆڕانی دەنگی تێپەڕیون(٣٩). ئیدی بەم میتۆدە زمانەوانییە بەراوردیان کردووە لەگەڵ زار و زمانەکانی دەریای خەزەر: گیلەکی، مازندەرانی، سێمنانی، تالشی،.. دەبینن زازاکی و گۆرانی لە هەندێک گۆڕانی دەنگی و گەشەکردنی سیستەمی دەنگسازی لەگەڵ زمانەکانی ئەو هەرێمە خزمایەتی هەیە، بۆیە دوای ئەوە یەکسەر بڕیاریان دا کە ئەمانە لە ڕیشەدا کوردی نین، دەچنەوە سەر کۆمەڵە زمانێکی دی کە لە ناوچەیەکی دیکەوە( دەریای خەزەر) بۆ ئەو ناوچەیەی ئێستایان لە کوردستان کۆچیان کردووە.

ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ زمان و زار، ڕوانگەیەکی زاڵی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەوروپی بووە بۆ ناساندنی زارە کوردییەکان و دەستنیشانکردنی ناسنامەی زمانی کوردی. لە ماوەی زیاتر لە سەدەیەک ئەم میتۆدە لە مەڵبەندە ئەکادیمییەکانی ئەوروپی وەک میتۆدێکی زانستی پێشوازی لێ کرا و هەموو کوردناسەکانی دواتر لەسەر هەمان ڕێچکەی زانستی ڕۆیشتوون، و ڕەهەندی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییان ڕەچاو نەکردووە کە ئاخێوەرانیان خۆیان پێ کوردە زارەکەیان بە کوردی دەزانن، ئەمانە بۆ ئەوان گرنگ نەبووە، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا کە ئەم جیاوازییانە لە زارەکانی زمانێکدا هەبێت ئاساییە، چونکە زار و زمان بە پێوەری کۆمەڵایەتی لە یەک جودا دەکرێنەوە نەک بە پێوەرە زمانەوانییەکان. هیچ گومان لەوەدا نییە کە جیاوازی لە نێوان زاری کوردیی ناوەندی و زاری گۆران - زازادا هەیە، ئەم جیاوازییانەش ڕیشەیی نین، بەڵام ئەوەندە هەیە زاری گۆران – زازا بە زارێکی ئارکایک (کۆن) دادەنرێت کە نزیکی لەگەڵ زمانە ئێرانییە کۆنەکان هەیە وەک پەهلەوی و ئاڤێستایی، کە لەگەڵ زارە کوردییەکانی دی ڕیشەیەکی کۆنتری هەیە، کە ئەمەش هیچ لە ئەسڵی بابەتەکە ناگۆڕێت کە ئەم زارانە بەتێپەڕبوونی کات لە مێژوودا هەموو تێکەڵ بە یەک بوون و لەیەک نزیک بوونەوە و ڕەنگی یەکدیان وەرگرتووە، ئەمڕۆ پێکەوە کۆمەڵە زارێکن یەک زمان کۆیان دەکاتەوە کە ئەویش زمانی کوردییە؛ هەروەها هەموو پێکەوە یەک نەتەوە کۆیان دەکاتەوە کە نەتەوەی کوردە؛ لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵیش ئاخێوەرانی پێکەوە مێژوو و کولتوور و نەتەوەیەکی هاوبەشیان هەبووە، ئێستاش پێکەوە یەک مەسەلەی سیاسی کۆیان دەکاتەوە کە مەسەلەی کوردە.

---

38 - D. N. Mackenzie, The dialect of Awroman. See introduction, P.1.

39 - Amir Hassanpour, The Indivisibility of the Nation and Its Linguistic Divisions, International Journal of the Sociology of Language. Issue 217, 2012. P. 51.

لە لایەکی دیکەوە، بە پێوەرە زمانەوانییەکانیش ڕەچاوی خاڵی هاوبەشیان نەکردووە کە گۆران – هەورامی لەگەڵ کوردیی ناوەندی و زارە کوردییەکانی دی هەیەتی وەک لایەنی ڕێزمان و دەنگسازی و فەرهەنگۆکی وشە، کە بە هەزاران وشەی هاوبەش لە نێوان هەورامی و کوردیی ناوەندیدا هەیە(٤٠).

ئەمە لاوازترین خاڵی ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسییە بۆ زمانی کوردی و زارەکانی، کە هەتا ئێستاش لە لایەن زۆربەیان ئەم میتۆدە پەیڕەو دەکرێت و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زارەکانی زمانی کوردی، چەند زمانێکی بە ڕیشە جیاوازن، هەر بەم میتۆدەش لوڕی و گۆران (هەورامی) و زازاکی لە کوردی دادەبڕن و دەیانکەن بە زمان و نەتەوەی سەربەخۆ.

هەر بە هەمان ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسی، کوردناسی ڕووسی باسیل نیکتین لە کتێبەکەی لەبارەی کورد و کوردستان کە دێتە سەر ئەسڵی گۆرانەکان هەمان بۆ چوونەکانی مینۆرسکی و سۆن دووبارە دەکاتەوە، لەبارەی هەورامییەکانیش دەڵێ: ئەوانە بە زمانێکی تایبەت قسە دەکەن، لەجیاتی کورد خۆیان بە هەورامی ناو دەبەن، لە ڕووی زمان و هەندێک تایبەتمەندی دیکە وا پێدەچێ ئەوانە کوردی ڕەسەن نەبن، لەوانەیە هەروەک گۆرانەکان پاشماوەی قەومی دیکەی ئێرانی بن(٤١).

کوردناسی فەرەنسی جۆیس بلۆ، وا پێدەچی ئەویش لە ژێر تەئسیری ڕۆژهەڵاتناسەکانی پێش خۆی نکوولی لە کوردبوونی گۆرانەکان و لەهجەکەیان دەکات. لە نووسینێکی لەبارەی «ئەدەبی نووسراوی کوردی» لە دابەشکردن و ناوهێنانی لەهجەکانی کوردی، لەهجەی گۆران لە ڕیزی لەهجەکانی کوردی دانەناوە، دواتر کە دێتە سەر باسی دینی ئەهلی هەق پێی وایە ئەوانە بە زمانێک قسە دەکەن کە ناوی (گۆران)ە و کوردی نییە؛ بەبێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک بدات(٤٢).

کوردناسی هۆڵەندی مارتن فان برونەسن لە کتێبەکەی بە ناوی «ئاغا و شێخ و دەوڵەت» لە باسی زمانی کوردی کە دێتە سەر بنزارەکانی وەک سنەیی، کرماشانی، لەکی، پێی وایە ئەم شێوەزارە کوردییانە لە فارسییەوە نزیکترن هەتا کوردی، ئەمە بەبێ ئەوەی هیچ بەراوردێک بکات لە نێوانیان؛ وا پێدەچێ ئەمەی هەر لە کتێبەکانی سۆن وەرگرت بێت. لە پاشان کە دێتە سەر باسی گۆران ئەویش هەمان ڕایەکانی سۆن و مینۆرسکی و مەکەنزی دووبارە دەکاتەوە پێی وایە زمانی کوردی یەک ڕیشەی نییە گۆران و زازاکی سەر بە باکووری ڕۆژئاوان، بەڵام هەرچی

---

٤٠ – بۆ فەرهەنگۆکی وشەی هاوبەش لە نێوان هەورامی و کوردیی ناوەندی بڕوانە ئەم فەرهەنگە:
جەمال حبیب الله (بێدار)، فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی – کوردیی ناوەڕاست، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠.

٤١ – واسیلی نیکتین، کرد کردستان، ترجمە: محمد قاضی، انتشارات نیلوفر، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٦. ص ٢٨٠، ٣٦٣، ٣٧١.

42 - Joyce Blau, Kurdish Written Literature. In (Philips Kreyenbroek & Christine Allison, Kurdish Culture and Identity), Zed Book Ltd. London, 1996, pp.20-21.

کوردییە ڕاستەقینەکەیە تەواو باکووری ڕۆژئاوا نییە، بەڵکوو سەر بە باشووری رۆژئاوایە(٤٣). ئەمەش هەمان بۆچوونی مەکەنزییە کە پێی وایە زمانی کوردی (کوردیی ناوەندی و باکوور) سەر بەگروپی باشووری رۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە. لەپاشان کە دێتە سەر باسی دانیشتوانی هەورامان پێی وایە هەورامییەکان، تا سەرەتای ئەم سەدەیش خۆیان بە گەلێکی جودا لە کورد زانیوە، بەم دواییە لەگەڵ کورد تێکەڵ بوون، و هەندێکیشیان لە بزاڤی نەتەوەیی کورد بەشدارییان کردووە، چونکە وەک باوە ئەوان بە بنەچەیان دەچنەوە بۆ ناوچەیەک لە باشووری ڕۆژئاوای دەریای قەزوین(٤٤). ئەمەش هەمان ڕایەکانی مینۆرسکی و مەکەنزییە لەبارەی گۆران و هەورامییەکان، بەڵام زۆر سەیرە کە پێی وایە هەتا سەرەتای ئەم سەدەیش هەورامان خۆیان پێ گەلێکی جودا بووە لە کورد. ئەمەش ناشارەزایی نووسەرە بە مێژووی کورد کە ئاگادار نییە ئەم پێکهاتە لە کورد کە بە گۆران ناسراون، لە درێژایی مێژووی هەزار ساڵی کورد هەمیشە پێکهاتەیەکی کورد بوون. ئەمە ڕاستە بە هەورامی و گۆران ناویان هاتووە، بەڵام بە نەتەوە کوردن، چونکە وەک شەرەفخانی بدلیسی بە ڕوونی ئاماژەی پێ داوە کە کە کورد چوار بەشە: کورمانج، لوڕ، کەلهوڕ، گۆران.

ئەم ڕەوتە لە نکوولی کردن لە ناسنامەی کوردیی گۆران و زازا بە ڕادەیەک بە نێو کتێبان بڵاو دەبێتەوە گەیشتووە بە نێو کتێبەکەی ڕەشید یاسەمییش بەناوی «کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او» لەبارەی گۆران - زازا دەڵێت: " لەسەدەی بیستەم لێکۆڵەران لە توێژینەوەکانیان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە لە نێو کوردان تایەفەیەکی دیکەی ئێرانی هەیە کە کورد نین ئەویش: «گۆران – زازا» ن"(٤٥). هەر هەمان دەستەواژەی ڕەشید یاسەمی لە بارەی بنەچەی گۆران لە فەرهەنگی ( لغت نامە دهخدا ) ش کە دێتە سەر ناوی (گۆران) بەبێ لێکۆڵینەوە دووبارە بووەتەوە(٤٦).

میهرداد ئیزەدی لە کتێبەکەی بە ناوی«The Kurds, A Concise Handbook» پوختەی ڕایەکانی ئەو چەند ڕۆژهەڵاتناسانە، بەتایبەت گریمانەکانی مینۆرسکی و مەکەنزی لەبارەی ئەسڵی گۆران و لەهجەکەیان، هەروەها مەسەلەی بوونی گۆرانەکان لەو ناوچەیە بەر لە کورد، دووبارە کردووەتەوە، وەک ڕاستییەکی مێژوویی سەلمێنراو بڵاوی کردووەتەوە پێشکەشی خوێنەرانی دەکات، کە ئەمە تەواو بە پێچەوانەی توێژینەوەی زانستییە، کە دەبوایە نووسەر ڕاو بۆچوون و گریمانێک وەک ڕاستییەکی مێژوو نەخاتە ڕوو(٤٧).

---

43- Martin van Bruinessen, Agha, Shaikh and State: The Social and Political Structures of. Kurdistan, London: Zed Books, 1992. P.22, 47.

44 - Ibid. p.111.

٤٥ – رشيد ياسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، انتشارات ابن سینا، چاپ سوم، بدون تاریخ چاپ، ص٩٨.

٤٦ – علی أکبر، لغت نامه دهخدا، شماره مسلسل: ٣٠، مؤسسه أنتشارات و چاپ دانشگاه تهران، تهران، ١٣٣٥ خورشیدی، ص٥١٦.

47 - Mehrdad R. Izady, A Concise Handbook, The Kurds, Taylor & Francis, London, 1992, pp. 167-175.

وەک دەبینین گریمان و بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان لەبارەی گۆران و هەورامی چۆن کاری کردووەتە سەر بیروڕای ئەو هەموو نووسەرانەی دوای خۆیان، بەبێ ئەوەی لە سەر ئەم بابەتە هەڵوەستەیەک بکەن کە بۆ دەبێ ئەو لەهجەیە کوردی نەبێت.
هیچ گومان لەوەشدا نییە کە ڕایەکەی فەرید ئەسەسەرد و هاوشێوەکانی، سەبارەت بە هەورامی، هەر لەم سەرچاوانەوە هەڵقوڵاون و هەر لەوێشەوە ئاو دەخۆنەوە. چونکە بەر لە بیروڕای ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە، هیچ نووسەر و مێژوونووس و زمانەوانێکی کورد تەنانەت هەورامییەکان خۆیشیان ڕۆژێک شتێکی لەم بابەتەیان نەگووتوە.
هەتا ئەمڕۆش ئەم کوردناسە ئەوروپییانە و بەبێ شارەزاییەکی تەواو، لەسەر لەهجە کوردییەکان قسە دەکەن و حوکمی چەوت و ناڕەوای لەسەر دەدەن، هەتا بۆیان بکرێ جیاوازیی لەهجە کوردییەکان گەورە نیشان دەدەن تا بیانکەن بە زمانی سەربەخۆ. بۆ نموونە کوردناسی هۆڵەندی فلیپ کرەینبروک لە وتارێکی لەبارەی زمانی کوردی دەڵێت: " تەنیا لەبەر ئەوەی کە کورمانجی و سۆرانی لە ڕووی نەتەوەییەوە سەر بە یەک بنەچەی هاوبەشن، بۆیە پێیان دەڵێن دوو لەهجەی زمانی کوردی، بەڵام لە ڕووی زمانەوە یان هەر هیچ نەبێ لەڕووی ڕێزمانەوە جیاوازیی نێوان کورمانجی و سۆرانی بە ڕادەی جیاوازیی نێوان زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزییە، هەر بۆیە دەکرێ پێیان بگووترێ زمان نەک لەهجە، بەڵام لە ڕووی موفرەدات و فۆنەتیکەوە بە ڕادەی ئەڵمانی و ئینگلیزی نابێت"(٤٨) بۆ ئەم جیاوازییەش نمونەی نێر و مێ دێنێتەوە، کە لەسۆرانی وەک ئینگلیزی نێرو مێی نیە، بەڵام لە کورمانجیدا وەک ئەڵمانی نێر و مێ هەیە.
دوای ئەو نووسینەی کرەینبروک هەمان ڕایەکەی ئەو لەسەر ئەم دوو لەهجە کوردییە لای دەیڤید مکدۆواڵ دووبارە دەبێتەوە، سەرەڕای دووبارە کردنەوەی هەمان بیروڕای ڕۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە ناسنامەی گۆران و هەورامی(٤٩).
ئەگەر کەسێک شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی هەبێت و لەهجەی کوردیی ناوەندی و باکووریش بە چاکی بزانێ، ئەوجا تێدەگا کە ئەو کوردناسانە چەند بە هەڕەمەکی و بەبێ بەراوردێکی زانستیانە ئەو حوکمە ناڕەوایەیان بە سەر ئەو دوو لەهجەیەی زمانی کوردی داوە. دەکرێ بڵێین جیاوازیی کوردی و فارسی وەک جیاوازی هۆڵەندی و ئەڵمانییە، بەڵام جیاوازی ئینگلیزی و ئەڵمانی ئەوەندە زۆرە ڕەنگە ئینگلیزێک بە چەندین کۆرسی چڕ و پڕی ئەڵمانی

---

ئەم کتێبە کۆمەڵێک زانیاریی پڕ لە هەڵە و کەموکووڕی لەبارەی ناو و دابەشبوونی لەهجەکانی کوردی بڵاو کردووەتەوە، ناوی عەشیرەت و شاری لەگەڵ ناوی لەهجەکان تێکەڵ کردووە، هەر بە ئارەزووی خۆی ناوی بۆ زار و بنزاری کوردی داهێناوە. بۆ نموونە بۆ ناوی گۆران و کەڵهوڕ و لەک، ناوی پەهلەوانی بۆ داناوە کە گوایە لە لایەن نووسەرانی سەدە ناوەنجییەکان، گۆرانەکان و کەڵهوڕ و لەک ناویان بە پەهلەوانی هاتووە، بەڵام دواتر ئەو ناوە چ لەلایەن کورد و غەیری کورد لە بەین چووە، وا ئەمڕۆ ئەو دەیەوێ ئەو ناوە زیندووی بکاتەوە. ئەمە هەرگیز ڕاست نییە نووسەرێکی ئەورووپی بۆ خۆی ناو بۆ زاری کوردی دابنێت.

48 - Philip G. Kreyenbroek, The Kurds: A Contemporary Overview, Routledge; 1 edition December 6, 1991, p.55.

49 - David McDowall, A Modern History of The Kurds, I.B. Tauris & Co Ltd, London, 1997,pp. 9-10.

ئەوجا بتوانێ کەمێک بە ئەڵمانی قسە بکات. لە هەموو کوردێک ئاشکرایە کە ئەو جیاوازییە زۆرە لە نێوان ئەو دوو لەهجە کوردییە نییە. ئەگەر بە دوای سەرچاوەی ئەو ڕایانەشدا بچین دەبینین ئەوانیش هەر لە بنەڕەتدا لە کتێبەکانی سۆن و مەکەنزی و مینۆرسکی وەرگیراون، یان هەر خۆیان لە کەمیی شارەزاییان بە زمانی کوردی بە سەر هەڵەی وا گەورەدا کەوتوون، کە ئەم هەڵانە ئەمڕۆ بوون بە ویردی سەر زاری ئەو نووسەرانە، ئیدی لە ڕێی ئەوانەوە بڵاو بووەتەوە و چووەتە نێو نووسینی نووسەرانی دیکەی ئەوروپی، ئەوجا لەوانەوە دێتە نێو نووسینی نووسەرە کوردەکان.

بە پێچەوانەی هەموو کوردناسەکانی پێشوو، کوردناسی هۆڵەندی میشیل لەیزنبێرگ لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەبارەی گۆران، لەم ڕەوتە ئەکادیمییە ڕۆژهەڵاتناسییە لای داوە، بۆ ناسنامەی گۆران تەنیا جەختی لە جیاوازییە زمانەوانییەکان نەکردووەتەوە، بەڵکو جەختی لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان کردووەتەوە؛ ڕوونی دەکاتەوە کە هەورامی هەرچەندە لەهجەکەیان لە ڕووی پێکهاتی زمانییەوە سەر بە هەمان پێکهاتی لەهجەکانی دیکەی زمانی کوردییەوە نییە، بەڵام لە ڕووی ئەتنیکی و نەتەوەیی و سایکۆلۆجی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە هەورامی یان گۆران بەگشتی کوردن، هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین لەهجەکەشیان لەهجەیەکی زمانی کوردییە(٥٠).

مەیجەر نوئێل وەک سیاسییەکی دۆستی کورد، لە کتێبێکی خۆیدا لەبارەی جیاوازیی دیالێکتە کوردییەکان دەدوێت و ڕەخنە لە ڕۆژهەڵاتناسەکانی پێش خۆی دەگرێ کە جیاوازی زارە کوردییەکانیان گەورە نیشان داوە زیادەگۆییان کردووە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "زۆر جار گوتراوە کە زمانی کوردی بریتییە لە چەند لەهجەیەکی زارەکی کە لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی دی جیاوازی هەیە. ڕاستە ئەو زمانەی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە بابا کوردی(مەبەستی کوردیی بابانی ناوچەی سلێمانییە) جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ کورمانجی هەیە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە ئەگەر بڵێین بنزارەکانی کورمانجی جیاوازییەکی بنچینەییان هەیە. من چەند کەسێکی خەڵکی بۆتان و دیاربەکر و هەکاریم لایە کە لەگەڵ ئاخێوەرانی لەهجەی ئەوپەڕی ڕۆژئاوای کوردستان بەباشی دەدوێن و لەیەک تێ دەگەن. تەنیا چەند هەفتەیەک لێرە بمێننەوە ئیدی تەواو بەسەر لەهجەکەدا زاڵ دەبن. ئەو جیاوازییانە کە هەیە زیاتر لە گۆڕانی دەنگە بزوێنەکانە. بۆ نمونە من لێرە وشەی دایکم بیست – دایک، دای، دا، دی (Dyk, Dy, Da, Di)، ئەم جۆرە جیاوازییانە کەسێکی بێگانە کە هێشتا گوێی بەم دەنگە جیاوازانە ئاشنا نەبووە توشی سەرلێشێوان دەکات. ئەوەی زیاتر وایان لێ دەکا کە بە شێوەیەکی ناپێویست، جیاوازیی لەهجەکان گەورە نیشان بدەن، لەو کاتەیە کە وشەکان لە حاڵەتی زەرف بەکار دێن یان ئامرازی پەیوەندیان دەچێتە سەر، یان ئەو وشانەی کە بە بەردەوامی بەکار دێن. بۆ نموونە وشەی (ئێستا)ی سلێمانی، لە هەکاری دەبێ بە (نها) لە ڕۆژئاوای کوردستان دەبێ بە (ئەنگۆهـ) لە

50 - Michiel Leezenberg, Gorani Influence on Central Kurdish: Substratum or Prestige Borrowing? Amsterdam, Institute for Logic, Language and Computation, University of Amsterdam, ILLC Prepublication Series X--93-03, 1993.

لەهجەکانی دی دەبێ بە (ئەیستا)، (ئەنکا)، (نکا)، (هەنوسکا). بۆیە هەر کەسێک شارەزاییەکی باشی لە لەهجەی ناوچەیەک هەبێ دەتوانی بە ئاسانی و بە خێرایی لەهجەکانی دی فێر بێ، تەنها پێویستی بە لیستێکی کورتی ئەو وشە هاوبەشانە هەیە کە لە نێوان لەهجەکان وشەی جیاوازیان بۆی هەیە"(٥١).

لەکۆتایی ئەم بەشە دەگەینە ئەم ئەنجامانە کە دیدی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ زمانی کوردی و زارەکانی کۆمەڵێک کێشەی هەیە: ١- ڕۆژهەڵاتناسان زانیاری و شارەزاییان بە زمانی کودری و زارەکانی کەم بووە، زۆربەیان زارە کوردییەکانیان بەچاکی نەزانیوە، و بەراوردێکی وردی هەموو زارەکانیان پێکەوە نەکردووە، بۆیە کاتێک لەسەر زارێکی کوردی قسەیان کردووە بەوردی هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکردووە. ٢- کێشەی میتۆدی لێکۆڵینەوەیان هەبووە کە پشتیان تەنیا بە جیاوازییە زمانەوانییەکان بەستووە، لە جیاوازییە زمانەوانییەکانیش تەنیا جەختیان لە پەرەسەندنی گۆڕانی دەنگی کردووەتەوە و بەلای ڕێزمان و فەرهەنگۆگی وشەی هاوبەشدا نەچوون کە لەم لایەنەوە زارە کوردییەکان خاڵی هاوبەشیان هەیە. ٣- لە دیدی زمانی فارسییەوە لە زمانی کوردییان ڕوانیوە و زمانی کوردییان وەک یەکەیەکی سەربەخۆ سەیر نەکردووە کە زمانی نەتەوەیەکی سەربەخۆیە کە نەتەوەی کوردە، ئەو خزمایەتییە زمانییەی لە نێوان کوردی و فارسی هەیە وەک جیاوازیی لەهجە و زمان سەیریان کردووە نەک خزمایەتی نێوان دوو زمان، کە لەنێو هەموو زمانەکان کە ڕیشەیان هاوبەشە ئەم خزمایەتییە هەیە. ٤- لە هەمووی گرنگتر پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەرانی زارە کوردییەکانیان فەرامۆش کردووە، تەنیا بە جیاوازیی کۆمەڵە دەنگێک و کۆمەڵە وشەیەک گیرساونەتەوە لەوێوە بڕیاریان داوە کە ئەم زارە کوردی نییە و زمانێکی سەربەخۆیە، و ڕای خەڵکەکە ڕەچاو نەکراوە کە خۆیان پێ کوردە و زارەکەشیان بە کوردی دەزانن. ڕوانگەکە تەنیا ڕەچاوکردنی سیستەمی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی بووە، لایەنی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی فەرامۆش کراوە.

## هەورامی لەهجەیەکی زمانی کوردییە

بیروڕای کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکان لەبارەی زمانی کوردی و زارەکانی بە تایبەت لەبارەی گۆران - هەورامی لە نێو کورددا بێ وەڵام نەماوەتەوە. لە ساڵی ١٩٦٤ تەوفیق وەهبی لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی، گریمان و بۆچوونە زمانەوانییەکانی مەکەنزی لەمەڕ بنەچە و ڕەسەنایەتی زمانی کوردی ڕەت دەکاتەوە، دەیسەلمێنی کە زمانی کوردی زمانێکی ئاریایی سەربەخۆیە و ڕاستەوخۆ لە زمانی ئاڤێستایی و مادەکانەوە پەرەیسەندووە، بنەچەی نەتەوەی کوردیش هەر بۆ مادەکان دەگەڕێتەوە(٥٢). بۆ سەلماندنی ئەم رایەی، بەراوردی وشە و زاراوەکانی لەهجە کوردییەکان، بە تایبەت لەهجەی هەورامی دەکات و دەیسەلمێنێ کە

51 - Noel E.M. (Diary of Major E.M. Noel, C.I.E., D.S.O., on special duty in Kurdistan, from June 14th, to Septemebr 21st, printed by Governement press, Basrah, 1919, p.9.

52 - Taufiq Wahaby, The origins of the Kurds and their language, reprinted in Sweden, 1982, p. 16.

لەهجەیەکی ڕەسەنی کوردییە و شێوەی کۆن archaic ی خۆی پاراستوە. هەروەها تەوفیق وەهبی بۆ قاموسە ئینگلیزی –کوردییە هاوبەشەکەی لەگەڵ ئەدمۆندز، شانبەشانی لەهجەکانی دیکەی کوردی سوودی لە وشەکانی لەهجەی هەورامیش وەرگرتووە(٥٣).

محەمەد ئەمین هەورامانی کە توێژەرێکی ناسراوی هەورامانناسییە، لەم بوارەدا کۆمەڵێک کتێب و لێکۆڵینەوەی نووسیوە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد لە توێژینەوەیەکی بەراوردکاریی زمانەوانی نێوان لەهجەی سۆرانی و هەورامی لە ڕووی فۆنەتیک و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسەوە، ڕوونی دەکاتەوە کە هەورامی لەهجەیەکی ڕەسەنی کوردییە(٥٤). دواتر هەر لەسەر هەمان بابەت لە کتێبێکی قەبارە مامناوەندی بە ناوی «زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورد دا» ڕەخنە لە بۆچوونەکانی مینۆرسکی و مەکەنزی دەگرێ، دووبارە بەدرێژی بەراوردێکی زمانەوانی هەورامی و کوردیی ناوەندی دەکات و تەئکید لە سەر ڕەسەنایەتی لەهجەی هەورامی دەکاتەوە بۆ زمانی کوردی. هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە هەورامی بە هۆی سەختی و شاخاوی ناوچەکەی دوچاری گۆشەگیریی جوگرافی بووە و لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دوورە پەرێز بووە، ئەم دوورە پەرێزییە لەم دەڤەرە کۆمەڵێک جیاوازی کولتووری بەرهەم هێناوە، لەهەمان کاتدا تەئسیرێکی زۆری لە سەر لەهجەکەش بەجێ هێشتووە کە لە ڕووی وشەسازی و ڕستەسازییەوە لەگەڵ لەهجەکانی دیکەی کوردی جیاواز بێت، هەر ئەم جیاوازییەش وای لە ڕۆژهەڵاتناسان و هەندێک لە زمانناسانی ناوخۆش کردووە کە بە زمانێکی سەربەخۆی دابنێن نەک لەهجەیەکی کوردی(٥٥). ناوبراو پێی وایە لە بەراوردێکی نێوان زمانی ئاڤێستا و لەهجەکانی زمانی کوردی، بە دەردەکەوێت کە لەهجەی هەورامی لە ڕووی وشە و موفرەدات و ماناکانی و بوونی جیاوازی نێر و مێ و وێکچوونی نیشانەی مێ، هەروەها لە ڕووی پاشبەندی پلەی بەراوردی و نیشانەی (مضاف و مضاف الیە)، نزیکترین لەهجەیە لە زمانی ئاڤێستاوە(٥٦).

دکتۆر ئەمیری حەسەنپور لەسەر پرسی ناسنامەی هەورامی لە توێژینەوەیەکدا لەسەر ئەو بابەتە دەدوێ و ڕەخنە لە تێزەکانی ڕیو و مینۆرسکی و مەیجەر سۆن و مەکەنزی دەگرێ و لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە تەئکید دەکاتەوە کە هەورامی لەهجەیەکی کوردییە، چونکە لە ڕووی ئەتنیکی و کولتوورییەوە گۆران(هەورامی) یەکان خۆیان پێ کوردە و لەوەش ئاگادارن کە لەهجەکەیان لەگەڵ کوردەکانی دەوروبەری خۆیان جیاوازی هەیە و لێیان تێ

---

53 - Taufiq Wahby and C. J. Edmonds, A Kurdish-English dictionary, Oxford Clarendon Press, 1966.

٥٤ – محمەد ئەمین هەورامانی، تەماشایەکی سەرپێی نێوان زاری هەورامانی و سۆرانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە ٢ بەرگی ٢، ١٩٧٤، ل١١٧– ١٦٠.

٥٥ – محمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورد دا، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨١، ل١٠.

٥٦ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

ناگەن، بەڵام ئەوان هەرگیز ئەمەیان نەکردووە بە بەهانەیەک خۆیان لە کورد و لەهجەکەیان لە زمانی کوردی دابڕن(٥٧).

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە بۆ دیارکردنی لەهجەکانی زمانێک تەنیا پێوەرە زمانەوانییەکان بڕیاردەر نین لەسەر ناسنامەی ئەو لەهجەیە، بەڵکوو پەیوەندییە ئەتنیکی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن. ئیدی لەسەر ئەم بنەڕەتە، لای هەموو زمانەوان و مێژوونووسە کوردەکان هەر لە شەرەفخانی بدلیسییەوە هەتا بە ئەمڕۆ دەگات، گۆران - هەورامی هەر بە لەهجەیەکی کوردی دانراوە، لە هەموو دابەشکردنی زارە کوردییەکان لە کۆن و ئێستادا زارێکی کوردی بووە. چونکە لەهجەی گۆران، سەرەڕای ئەوەی کە کۆنترین زاری کوردییە کە دەقی ئەدەبی پێ نووسراوە، زمانی ئایینی یارسانەکانیشە، و هەموو دەقەکانی ئایینییان هەر بەم زارە کوردییە نووسراون. یەکێک لە بەناوبانگترین ئەم دەقانە ناوی (سەرەنجام)ە کە نووسینی ئەم دەفتەرە دەدرێتە پاڵ سوڵتان سەهاکی بەرزنجی، کە نوێکەرەوەی دینی یارسانە و گوایە لە سەدەی چواردەمی میلادی ژیاوە. بەڵام دەقی سەرەنجام پێی ناچێت ئەوەندە کۆن بێت، ڕەنگە ئەم دەقە دەماودەم هات بێت و دواتر نووسرابێتەوە. کۆنترین دەقی نووسراوی سەرەنجام بۆ دەستنووسێک دەگەڕێتەوە کە لە ئێران دەستی مینۆرسکی کەوتووە لە ساڵی ١٨٤٣ نووسراوەتەوە(٥٨). ئەم دەقە ئایینییانەی یارسان کۆنییەکەی هەرچەند بێت، ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە لەهجەی گۆران زمانی ئایینیی پەیڕەوانی ئەم ئایینە بووە، ئەم ئایینەش پاڵپشتی مەعنەوی ئەم زارە کوردییە بووە و بەدرێژایی ڕۆژگار لە فەوتان پاراستویەتی.

گۆران - هەورامی کۆنترین لەهجەی کوردییە کە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردی پێ نووسراوەتەوە، هەر لە سەدەی پازدەمی میلادی لە مەلا پەرێشان(١٣٥٦ – ١٤٢١م) دەست پێ دەکات تا دەگات بە بێسارانی (١٦٤٣ – ١٧٠١م)، ئەڵماس خانی کەندوڵەیی (١٧٠٢ – ١٧٧٦م)، خانای قوبادی (١٧٠٤ – ١٧٧٨م)، وەلی دێوانە (١٧٤٥ – ١٨٠١م)، ڕەنجووری (١٧٥٠ – ١٨٠٩م)، غولام ڕەزا ئەرکەوازی (١٧٧٥ – ١٨٤٠م)، سەید نوشاد ابوالوفایی (لە سەرەتای سەدەی هەژدەمی میلادی ژیاوە)، و مەلا مەنوچێهری کولیوەند (ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمی میلادی ژیاوە)، صەیدی هەورامی (١٧٨٤ – ١٨٥٤م)، ئەحمەد بەگی کۆماسی (١٧٩٨ – ١٨٧٨م)، سەید یەعقوب یان سەی یاقۆ (١٨٠٢ – ١٨٧٥م)، مەلای جەباری (١٨٠٦ – ١٨٧٦م)، عەبدولڕەحیمی مەولەوی (١٨٠٦ – ١٨٨٢)، فەقێ قادری هەمەوەند (١٨٣٠ – ١٨٨٠)، ئەمانە و زۆری دیکە بە گۆرانی – هەورامی شیعریان نووسیوە و کە بەشی زۆریان بە بنەچە هەورامی یان گۆران نەبوون ، سەر بە ئاخێوەری

---

57 - Amir Hassanpour, The Identity of Hewrami Speakers: Reflections on the Theory and Ideology of Comparative Philology," in Anthology of Goran Kurdish Poetry, edited by A Soltani, London, Soane Trust for Kurdistan, 1998, pp. 35-49.

٥٨ – د. زرار صدیق تۆفیق، کاکەیی – ئەهلی هەق و شەبەک: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢٠. ل ١٥.

زاره کوردییەکانی دی بوون وەک کوردیی ناوەندی و لەکی، کەڵهوری، چونکە گۆران بۆ ماوەی پێنج سەدە ڕۆڵی زمانێکی ئەدەبی لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی کوردستاندا گێڕاوە، هەموو کوردێک پێی ئاسایی بووە بەم زارە کوردییە شیعر بنووسێ، هەرگیز لە شیعرەکانیان ئەو هەستەیان نەبووە کە ئەم زارەی پێی دەنووسن کوردی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەموویان لە شیعرەکانیان جەخت دەکەنەوە کە ئەم زمانە گۆرانە کوردییە.

خانای قوبادی لە داستانی (شیرین و خوسرەو)ەکەی کە بە زاری گۆران نووسیویەتی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە زمانی شیعرەکانی دەدات کە کوردییە و لە فارسی شیرینترە:

**جە لای عاقلان ساحیب عەقل و دین**

**دانا بوزرگان کوردستان زەمین**

**ڕاستەن مەواچان فارسی شەکەرەن**

**کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن(٥٩)**

فەقێ قادری هەمەوەند کە شاعیرێکی ناوچەی چەمەچەماڵ و بازیان بووە هەموو شیعرەکانی بە زاری گۆران نووسیوە. لە یەکێک لە شیعرەکانی باسی تەرجەمەی کتێبێک دەکات بە ناوی (پند الحکما) لە فارسییەوە بۆ کوردی و دەڵێت:

**چون فارسی بی (پەند حەکیمان)**

**بە لەفظ کوردی کەردم تەرجومان**

**سا چون من ئەصڵم صینف ئەکرادەن**

**هەر کەس بە ئەمثال وێش خاطر شادەن**

**تا لە دواییدا دەڵێت:**

**کێشانم تەصدیع پەرێ هامدەمان**

**کەردم تەرجەمە بە لەفظ گۆران(٦٠)**

لەم دوو بەیتە شاعیر بەڕوونی نیشان دەدات کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان لەفزی کورد و گۆران نییە هەردوو یەکە و کوردییە واتە ئەو شیعرانەی کە دەنووسێت بە لەفزی گۆرانە کە زمانی کوردییە.

هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمی میلادی گۆران - هەورامی شیعری پێ نووسراوە، بەڵام دوای ڕووخانی میرنشینی ئەردەلان لە ساڵی ١٨٦٧ ی میلادی، کە پاڵپشتی سیاسیی ئەم ئەم زمانە ئەدەبییە بووە، هەروەها دوای ئەوەی لە میرنشینی بابان لە دەشتی شارەزوور و شاری تازە دروستکراوی سلێمانی، بزووتنەوەی ئەدەبی بە زاری کوردیی ناوەندی دەست پێ دەکات، نالی و سالم و کوردی دێنە سەر شانۆی ئەدەبی کوردی، بزووتنەوەی ئەدەبی بە کوردیی گۆران – هەورامی ڕوو لە کزی و ئاوابوون دەکات و زمانی ئەدەبی کوردی بە کوردیی ناوەندی سەر

---

٥٩ – زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورد دا، ل٢٨.

٦٠ – کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوندە، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ملا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٨٠. ل.٣١.

هەڵدەدات و جێگەی دەگرێتەوە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە دەگمەن نەبێت بە زاری کوردیی گۆرانی - هەورامی شیعر نەنووسراوە، بەڵام وەک زمانی دینی یارسان لە نێو پەیڕەوانی ئەم دینە بۆ مەراسیمی دینی دەفتەری کەلامەکانی یارسان هەر بەردەوام بووە.

## ڕوانگەی فەرید ئەسەسەرد بۆ هەورامی

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوانەی سەرەوە، دێینە سەر تاوتوێکردنی وتارەکەی فەرید ئەسەسەرد کە سەرتاپای نووسینەکەی بۆچوونی هەڵەیە سەبارەت بە ناسنامەی هەورامی.

فەرید ئەسەسەرد دەڵێت **" لەڕەسەنایەتیدا کرمانجیی خواروو ناتوانێ شان لە شانی هەورامی بدا و لەم سەروبەندەشدا فۆنەتێکی هەورامی لە فۆنەتێکی کرمانجی زۆرتر لە فۆنەتیکی زمانی پەهلەوی نزیکترە."** دەبوایە نووسەر بۆ ئەم ئیدیعایەی ئیشارەتی بە سەرچاوەیەک بکردبایە کە فۆنەتیکی هەورامی لە پەهلەوی نزیکترە تا کرمانجی. ئەوە لێکۆڵینەوەکەی محەمەد ئەمین هەورامانی لە ڕووی دەنگسازییەوە دەیسەلمێنێ کە هەورامی لە ڕووی فۆنەتیکەوە بۆ دەنگە بزوێنەکان و نەبزوێنەکان لەگەڵ کوردیی ناوەندی وەک یەکن، تەنیا جیاوازییەکی کەم نەبێت(٦١). مەکەنزی-ش پێی وایە سیستەمی دەنگسازیی هەورامی بە شێوەیەکی بەرچاو هەروەک سیستەمی دەنگیی لەهجە کوردییەکانی وەک سلێمانی و سنەیی دەوروبەریەتی(٦٢).

لەپاشان فەرید ئەسەسەرد دێتە سەر جیاوازیی ڕێزمانیی هەورامی لەگەڵ کوردیی ناوەندی و دەیکات بە بیانویەک بۆ دابڕینی لە زمانی کوردی و دەڵێ:**" کێشەی کوردی و هەورامی لەوەدایە، کە ئەگەر ڕێزمان بکەین بە پێودانگ، هەریەکێکیان ڕێزمانێکی تایبەتی دەبێ‌و هیچ چوارچێوەیەکی گشتی بۆ پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا پەیدا نابێ، مەسەلەکە لەوەدا دەردەکەوێ کە جیاوازیی نێوان کوردی‌و هەورامی زۆرترە لە جیاوازیی نێوان کوردی‌و فارسی‌و ئەگەر فراوانتر سەیری مەسەلەکە بکەین دەبێ دان بەوەدا بنێین کە جیاوازیی نێوان کوردی و هەورامی زۆر گەورەترە لە جیاوازیی نێوان هەردوو زمانی سویدی‌و نەرویژی یان مەکەدۆنی‌و یۆنانی"** ئەمە لە چ لێکۆڵینەوەیەک و چ بەراوردێک ئەمە سەلمێنراوە کە جیاوازیی کوردی و هەورامی لە جیاوازیی نێوان کوردی و فارسی زیاتر بێ؟ ئەگەر جیاوازیی ڕێزمان بکەین بە پێودانگ بۆ جیاوازیی نێوان لەهجە کوردییەکان، ئەوا نەک هەورامی و کوردیی ناوەندی، بەڵکوو گشت لەهجە کوردییەکان کەم هەتا زۆر لە ڕووی ڕێزمان و فۆنەتیک و مۆرفۆلۆجییەوە لەگەڵ یەک جیاوازن، ئەمە هەرگیز بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە ئەوانە کوردی نەبن. لە سەرەوە ڕوون کرایەوە کە چۆن دەستنیشانی لەهجە لەگەڵ زمان دەکرێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە بەراوردی هەورامی لەگەڵ فارسی، بۆ کەسێک کە کوردی و فارسی بزانێ، ڕوون دەبێتەوە کە هەورامی زۆرتر لە کوردی نزیکە تا فارسی. جیاوازیی سوێدیی و نەرویجی یان جیاوازی مەکەدۆنی و یۆنانی هەرچییەک بێ و

---

٦١ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦.

62 - D. N. Mackenzie, The dialect of Awroman (Hawraman-i Luhon), P.7.

هەرچەند بێت، ئەم زمانانە تایبەتمەندیی زمانەوانی خۆیان هەیە و زمانی کوردی و لەهجەکانی کوردییش تایبەتمەندیی زمانەوانی خۆیان هەیە، هەرگیز ناکرێ جیاوازیی زۆر و کەمی ئەوان بکرێ بە پێوەر بۆ بڕیاردان لەسەر لەهجەکانی زمانی کوردی، یان کەمیی جیاوازیی ئەوان بکرێ بە پێوەرێک بۆ دابڕینی هەورامی لە زمانی کوردی. زمانە ئەسکەندناڤییەکان (سوێدی، دانمارکی، نەرویجی) وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا و ڕوون کرایەوە لە هەموو ئاستەکانی زمان لە یەک نزیکن و لەیەکدیش تێ دەگەن، کەچی ئەوانە هەر بە زمان دادەنرێن، لەهجە نین، چونکە لەهجە و زمان بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لەیەک جودا دەکرێنەوە.

لەپاشان درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ: **" ئەمە پێویست بەوە دەکات، کە زانیارییەکانمان دەربارەی زمانی هەورامی ڕاست بکەینەوە و لەم سەروبەندەدا نابێ هەڵوێستی زانست ملکەچی پێداویستییەکانی ناسیونالیزم بکرێ. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە کاتی ئەوە هاتووە دان بەوەدا بنرێ کە هەورامی دیالێکتێکی زمانی کوردی نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیە و لەڕووی مێژوویەوە پاشماوەی زمانێکی دێرینە کە پێش پەیدابوونی کورد وەك گروپێکی ڕەگەزی و پێش پەیدابوونی کوردی، وەك زمانێکی سەربەخۆ هەبووە، بەتایبەتی کە تائێستا هیچ بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنێ کە زمانی کوردی بۆ هەورامی، زمانی دایك بووەو هەورامی لە قۆناغێکی دیاریکراودا وەك لق لێی جیابۆتەوە."** ئەمە هەڵوێستی کام زانستە کە ملکەچی پێداویستییەکانی ناسیۆنالیزم بووە؟ دەکرێ ئەو پرسیارە بکرێ، ئەگەر فەرید ئەسەسەرد هێشتا بۆی یەکلا نەبووەتەوە هەورامی چییە و چۆن پەیدا بووە و چۆن گەشەی کردووە و چ پەیوەندییەکی بە زمانی ئەمڕۆی کوردییەوە هەیە، کەواتە لەسەر چ ئەساسێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەورامی دیالێکتێکی کوردی نییە؟ یان چۆن بەبێ بەڵگە بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەورامی سەر بە گروپێکی ڕەگەزی دیکە بن؟ ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی بەڵگەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەورامی لە ڕووی ئەتنیکی و کولتوورییەوە کوردی ڕەسەنن تەنانەت لە ڕووی ڕووخسار و ڕوواڵەتی دەرەوەش هەروەک کوردەکانی دەوروبەری خۆیانن. ئەگەر ئەو هێشتا بۆی ساغ نەبووەتەوە هەورامی چییە، کەواتە بە چ هەقێک هەورامی دەخاتە پاڵ ڕەگەزێکی دی و مافی کورد بوون لە لەهجەکەیان دەسەنێتەوە؟ کام لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوەی سەلماندووە کە ئەوانە لە ڕەگەزێکی دی بن؟ مەگەر تەنیا بۆچوون و گریمانکارییەکانی مینۆرسکی و مەکەنزی نەبێ. ئەوانیش لە نووسینەکانیان ناڵێن ئەم مەسەلەیە لای ئێمە یەکلا بۆتەوە، ئەوان تەئکیدیان کردووەتەوە کە ئەمە تەنیا گریمانێکە Hypothesis یان هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەسەر ئەو بابەتە کە دەکرێ مشتومڕ و باسوخواسی زیاتری لەسەر بکرێ. سەیرە ئەگەر لای ئەوان هێشتا بە تەواوەتی ساغ نەبووەتەوە، کە گۆران – هەورامی ڕیشە و ئەسڵی لە کوێ هاتووە ئەمە چۆن لای فەرید ئەسەسەرد ساغ بووەتەوە و وا بە ڕاشکاوی بانگەشەی زمانێکی سەربەخۆ بۆ هەورامییەکان دەکات.

لەپاشان درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: **" ئەمە بەو مانایە نییە، کە هەورامییەکان کورد نین، بەڵکو بەو مانایە دێ کە هەورامییەکان، وەك ئێزدییەکان کە لەڕووی ئاینەوە تایبەتمەندییان هەیە، لەڕووی زمانەوە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و بەقەد ئەوەی کە ئێزدییەکان مافی ئاینییان هەیە،**

**ئەوانیش مافی زمانەوانییان هەیە"** دەی ئەگەر هەورامییەکان کوردن کەواتە دەبێ زمانەکەشیان کوردی بێت، چونکە زمان بنەمایەکی سەرەکی کوردبوونە. مافی ئایینیی ئێزدییەکان و مافی زمانی لەهجەیەکی کوردی، ڕەچاوکردنی هەردوو دیاردەی کولتووری پێویستە، بەڵام هەردوو دیاردە پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ. لە بواری جیاوازیی لەهجەیی، نەتەوە نابێ هەرچی لەهجەی هەیە بکرێ بە زمانی سەربەخۆ لە هەموو بوارێک بەکار بێت. نەتەوە دەبێ یەک زمانی هاوبەشی هەبێت. ئەگەر لە سەر ئەو تێڕوانینەی فەرید ئەسەسەرد بڕوانینە هەمەچەشنیی کولتووری لە نێو کورددا، ئەوا دەبێ هەر گروپە و زمانی خۆی رابگەیەنێ و هەر لەهجەیەکیش ماڵی خۆی بکات، لە کۆتاییدا شتێک نامێنێتەوە ئێمە بەیەکەوە کۆ بکاتەوە. لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین، کەس نکوولی لە مافی هەورامی وەک لەهجەیەکی کوردی و هیچ لەهجەیەکی دیکەی کوردی ناکات، بەڵام هەموو لەهجەیەک نابێ بە بیانوی مافی کولتووریی و هەمەچەشنی کولتووریی بکرێ بە زمانێکی سەربەخۆ و لە هەموو بوارێک وەک زمانێکی ڕەسمی کاری پێ بکرێت و لە زمانی کوردی جودا بکرێتەوە. هەمەچەشنیی لەهجەیی و کولتووری وەک بڵێی ئەمە دیاردەیەک بێت تەنیا لە نێو کورد و زمانی کوردیدا هەیە، زۆربەی میللەتانی دنیا فرە کولتوور و زمانەکەیان فرە لەهجەیە. ئەوە میللەتی عەرەب و تورک و فارس زمانەکانیان لەهجەی هەمەچەشنی هەیە و نەتەوەکانیان هەمەچەشنیی ئایینی و مەزهەبی و کولتوورییان هەیە، بەڵام لە ڕووی زمانەوە تەنیا یەک زمانی نووسین و خوێندنیان هەیە. میللەتی عەرەب، دروز و مارۆنی و شیعە و سوننە و عەلەوی و مەسیحی هەیە، بەڵام یەک زمانی یەکگرتووی نووسین و خوێندنیان هەیە.

ئەمجارە دێتە سەر بەراوردی هەورامی و کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی (فصحی) و لەهجەکانی زمانی عەرەبی و دەڵێ: **"پەیوەندیی واقیعیی نێوان هەورامی و کوردی، وەك پەیوەندیی نێوان زمانی عەرەبیی پەتی و زمانی هەر وڵاتێکی عەرەبییە بەجیا. لە جیهانی عەرەبدا هەرهاووڵاتییەکی عەرەب بەکردەوە دوو زمانی هەیە: زمانی دایك، واتە ئەو زمانەی لەناو ماڵو شەقام پێی دەدوێ و زمانی نووسین کە لە ژیانی گشتیدا فێری دەبێ، چەمکی زمانی دایك کێشەی پەیوەندیی نێوان هەورامی و کوردی چارەسەر دەکات و بەم پێیە هەر هەورامییەك دوو زمانی هەیە، یەکێکیان زمانی دایکە کە تایبەتەو ئەوی تر زمانی کوردییە کە گشتییە"** ئەم قسەیەی نووسەر تەواو دژ بە ڕایەکانی خۆی دەوەستێتەوە، ئەگەر ئەمەی پێ ڕاست بێ، ئەوا دەبێ ئەوە قبوڵ بکات کە هەورامی لەهجەیەکی کوردییە و نابێ لەهجەکەیان بۆ خوێندن و نووسین و پەروەردە بەکار بێت، چونکە لەهجە عامییە عەرەبییەکان، هیچ کامیان لە بواری پەروەردە و ئیدارە بەکار نایەن و هیچ کام لە ئاخێوەرانی لە هجەکانیش ناڵێن زمانی ئێمە لەگەڵ زمانی عەرەبی پەتی دوو زمانی جیاوازن، نەکراون بە زمانی لۆکالیش وەک ئەو بۆ هەورامی داوای دەکات، تەنیا بۆ ئاخاوتنە و بەکارهێنانیەتی لە بواری هونەری وەک شانۆ و فیلم و دراما و گۆرانی.

ئەمجارە نووسەر دەیەوێ لە ڕێی ناسیۆنالیزمی فەرەنسییەوە شەرعیەت بە فرەزمانی بدات لە نێو کورد و دەڵێ: **" بەپێی خوێندنگەی ناسیونالیستیی فەرەنسایی، هەستی نەتەوەخوازی نەك زمان**

**بنەمای نەتەوە پێکدێنێ. لە پەیوەندیی نێوان هەورامیی‌و کوردیدا دەشێ تیۆرییە فەرەنسییەکە لە تیۆرییەکانی تر گونجاوتر بێ‌و لەم ڕوانگەیەوە زمانی جیاواز بەربەست لەبەردەم هەستی کوردبووندا پێکناهێنێ"** ئەگەر ئەم تیۆرە فەرەنسییە لە بیری نەتەوەیی بۆ ئێمە گونجاو بوایە و زمان گرنگ نەبوایە لە ناساندن و پێکهێنانی نەتەوە، ئەوا دەبوایە هەر لە زۆر زووەوە تورکمان و ئاشووری کە دوو نەتەوەی جیاوازن و لەمێژ ساڵە لەگەڵ کورد دەژین، ئێستا خۆیان بە کورد زانیبوایە. هیچ گومان لەوەدا نییە کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان نەتەوە و زماندا هەیە، ئەگەر وەک هەستی نەتەوەخوازییش بێ تورکمانێک خۆی بە کورد، یان کوردستانی بزانێ، ئەمە تەنیا هەستێکی هاووڵاتیی کوردستانییە، بەڵام کە دێتە سەر زمان و کولتوور، تەواو لەیەک دادەبڕێن، هەر یەکێک دەچێتەوە نێو چوارچێوە نەتەوەییەکەی خۆی.

ئەمجارە نووسەر باسی کوردە فەیلییەکان دەکات کە بە هەست کوردن و بەڵام بە زمان بە عەرەبی قسە دەکەن و دەڵێ: **" لەم سەروبەندەدا، بوونی زمانی عەرەبی بە زمانی قسەکردنی کوردە فەیلییەکان نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم بەشداربوونیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، ئەمە نیشانی دەدا کە مەرج نییە هەموو جار لە مەسەلەی خۆ بەکوردزانیندا زمان لەپێشی پێشەوە بێ. نموونەی هەورامییەکان و کوردە فەیلییەکان، نیشانی دەدا، کە هەست نەك زمان، لەپێشترە"** کوردە فەیلییەکان کە بە عەرەبی قسە دەکەن لەبەر ئەوە نییە کە زمانیان نییە یان زمانیان پێ گرنگ نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە لە بەغدا لەناو عەرەب دەژین و کوردی فێر نەبوو؛ ئەوە کوردە فەیلییەکانی خانەقین و مەندەلی بە کوردییەکی پاراو دەدوێن. ئەمە دوو مەسەلەی تەواو جیاوازە، دەبێ لەگەڵ یەک تێکەڵ نەکرێن. ئەمە هەرگیز پاساوێکی ڕاست و زانستی نییە تا پروپاگەندەی ئەوەی بۆ بکرێ کە زمان بۆ نەتەوە گرنگ نییە.

لەپاشان نووسەر دێتە سەر بە ڕەسمی ناساندنی هەورامی وەک زمانێکی لۆکال و ناساندنی ناوچەی هەورامان بە ڕەسمی و دەڵێ: **" ڕەنگە ئەمە پاڵپشت بێ بۆ پێویستیی ناساندنی زمانی هەورامی وەك زمانێکی لۆکاڵ. ئەمەش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەمانباتە سەر وروژاندنی مەسەلەیەکی تر کە مەسەلەی بەفەرمی ناساندنی ناوچەی هەورامانە. دەستەواژەی "هەورامان" لە نووسینە فەرمییەکاندا نییە و پێویستە ئەم ناوە دێرینە بپارێزێ و لەم بارەیەوە ئەزموونی سەرکەوتوومان لە پاراستن و بە فەرمی ناساندنی ناوی دێرینی هەندێ ناوچەی وەك پشدەرو شارەزوورو شارباژێردا هەیە، ڕەنگە کۆکردنەوەی ناوچە هەورامینشینەکان لەیەك یەکەی ئیداریدا بە ناوی هەورامانەوە و ناساندنی هەورامی لەچوارچێوەیدا وەك زمانێکی لۆکاڵ، کارێکی قورس نەبێ"** ئەوەی نووسەر داوای دەکا بۆ هەورامی و هەورامان، ئەمە زەمینە خۆش کردنە بۆ جوداکردنەوە و دابڕینی هەورامی لە کورد و دابڕینی ناوچەکەیانە لە کوردستان کە تا ئێستا هیچ هەورامییەک داوای ئەوەی نەکردووە، کەچی سەیرە ئەسەسەرد ئەمە بۆ هەورامی داوا دەکات. نازانم بۆ دەبێ نووسەرێکی کوردی بەئاگا ئەوەندە هەوڵی بنکۆڵکردنی ناسنامەی کوردیی لەهجەیەکی کوردی بدات و حەز بکات لەهجەی هەورامی، کوردی نەبێت و دەڤەرەکەشیان لە کوردستان داببڕێ؟ فرەلەهجەیی زمانی کوردی دەبێ وەک دەوڵەمەندیی زمانەکە چاوی لێ بکرێ نەک بکرێ بە ئامرازێک بۆ دابەشکردنی نەتەوە بەسەر لەهجەکانیدا.

ناوی پشدەر و شارەزوور و باڵەکایەتی و بادینان، گەرمیان،.. تاد ئەمانە چەند ناوێکی ناوچەیی و جوگرافیین لە سەرەتاوە هەبوون، و ئێستاش لە ناو کورد ئەم ناوانە هەر ماون و بەکار دێن بەبێ ئەوەی بە ڕەسمی بکرێن بە یەکەی ئیداری؛ ناوی هەورامانیش بە هەمان شێوە بەکار دێت وەک ناوێکی ناوچەیی و جوگرافی و کولتووری و خاوەن لەهجەیەکی تایبەت هەر دەمێنێتەوە.

لە دوا پەرەگرافی نووسینەکەی نووسەر دێتە سەر باسی پاراستنی زمانە لۆکالییەکان لە فەوتان و دەڵێ: **" گرنگترین لایەنی مەسەلەکە ئەوەیە، کە لەم سەردەمەدا پاراستنی زمانە لۆکاڵەکان لە فەوتان و پشتگیریکردنی داواکارییە زمانەوانییەکان بەشێکی پێداویستییەکانی مافی مرۆڤ و مافە کولتوورییەکان پێکدێنێ و لە وڵاتێکی فرە کولتوور و لێبوردەی وەك كوردستاندا، ناساندنی ئەو مافانە هیچ گرفتێك نانێتەوە"** ئەگەر مەسەلەی پاراستنی زمان لە فەوتان لای نووسەر گرنگ بێت، ئەمە زۆر ڕاستە چونکە هەورامی لە لیستی ئەو لەهجە ناوچەییانەیە کە مەترسی لەناوچوونی لەسەرە. منیش پێم وایە ئەم لەهجە کوردییە پێویستە بە شێوەیەکی جددی کاری بۆ بکرێ و ببووژێنرێتەوە. ڕزگارکردن و پاراستنی هەورامی لە فەوتان بەمە نابێ کە ئەسەسەرد بۆ هەورامی داوای دەکا و لەهجەکەیان لە کورد بوون دادەبڕێت و دەیکات بە زمانێکی لۆکالی و داوای بە ڕەسمی ناسینی دەکا، ئەمە پرۆژەی پاراستنی لەهجەی هەورامی نییە، ئەمە پرۆژەی بە نەتەوەکردنی هەورامانە کە هەورامییەکیش ئەمەی قبوڵ نییە.

بەرنامە و پرۆژەی هەمەجۆر هەیە بۆ پاراستنی زمان و لەهجە لە فەوتان. دەکرێ هەورامی و گشت لەهجەیەکی دیکەی کوردی لە بواری ئەدەبی و هونەری، دەرفەتی گەشەکردنیان بۆ بڕەخسێ، بۆ ئەوەی لەپاڵ زمانێکی ستانداردی هاوبەشیی کوردی، لەهجە کوردییەکانیش بەتایبەت هەورامی، لە فەوتان بپارێزرێن. هەورامی لە باشووری کوردستان بە دانیشتوان ژمارەیان کەمە، هەر بۆیە زارەکەیان بەخێرایی بەرەو مردن دەچێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر لە ناوچەکەی خۆیان لە سیستەمی پەروەردە چەند دەرسێک بە زارەکەیان بخوێنن، ئەمەش یەکێکە لە ڕێگەکانی پاراستنی زارەکە لە فەوتان.

## ئەنجامی باس

هەورامی لە ڕووی زمانەوانی و کولتووریی و نەتەوەییەوە بە درێژایی مێژوو لەهجەیەکی زمانی کوردی بووە، و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردییشی پێ نووسراوەتەوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمەوە بۆ یەکەمجار ڕۆژهەڵاتناسان گومانیان خستە سەرناسنامەی کوردبوونی ئەم لەهجە کوردییە و ڕایان گەیاند کە ئەمە لەهجەیەکی فارسییە و کوردی نییە. بوونی وشە و موفرەداتی کۆن لەم لەهجەیە لەگەڵ جیاوازی هەندێک لایەنی ڕێزمانی لەگەڵ لەهجەکانی دیکەی کوردی، بەهانەی ئەوەی داوەتە دەست ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە کە ڕەگوریشەی ببەنەوە سەر فارسی کۆن یان پەهلەوی، یان هەندێک پێیان وایە کە ئەم لەهجەیە سەر بە ناوچەی دەریای قەزوینە و خەڵکەکەشی هەر لەو ناوچەیەوە هاتوون.

بۆچوونەکانی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە سەبارەت بە هەورامی و لەهجەکانی دیکەی وەک گۆران کە زازاکی(دملی)یە لە باکووری کوردستان، لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا زۆر بەخێرایی چووەتە نێو نووسینەکانی کوردناسانی ئەوروپی و لە ڕێی ئەوانیشەوە بە نێو نووسینی نووسەرانی کوردیشدا بڵاو بووەتەوە. بەبێ لێکۆڵینەوە و ورد بوونەوە لە پاشخانی مێژوویی و فەرهەنگی و زمانیی گۆرانەکان، نکوولی لە ناسنامەی کوردییان کراوە، چ وەک لەهجەیەکی گرنگی زمانی کوردی یان وەک بەشێکی ئەتنیکی و نەتەوەیی کورد.

ئەمڕۆ کە بە میتۆدی زمانناسیی کۆمەڵایەتیی نوێ لە کاری ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەڕوانین دەبینین ئەوانە لە توێژینەوەکانیان تەنیا لە ڕووی زمانەوانییەوە، وەک جیاوازیی پێکهاتی ڕێزمانی و وشەسازییەوە ئەو لەهجەیان لە زمانی کوردی دابڕیوە، کەچی ڕەچاوی ئەوەیان نەکردووە کە ئاخێوەرانی ئەو لەهجەیە لە ڕووی مێژوویی و کولتووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کوردن و خۆشیان هەر بە کورد دەزانن. لە دیارکردنی لەهجەی هەورامی لایەنی ئەتنیکی و کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئاخێوەرانی فەرامۆش کراوە، تەنیا لە ڕوانگەی چەند تیۆر و چەند کۆد و هێمایەکی زمانەوانییەوە سەیری کراوە. ئەمە بێجگە لەوەی ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان هەورامی و لەهجەکانی دیکەی کوردی هەیە، جیاوازییەکی ڕیشەیی نییە، لە ڕووی زمانناساییەوە، جیاوازییەکی ئاساییە کە لە نێوان دوو لەهجەی سەر بە زمانێک هەبێت. لە نێو زۆر لە زمانەکانی دنیا لەهجەی لەم جۆرە هەیە.

هەورامی وەک لەهجەیەکی کوردی، لە کاری فەرهەنگی زۆربەی فەرهەنگنووسانی کورد، بۆ وشە و زاراوەی کوردی سوودی لێ وەرگیراوە. بۆیە لە سەر ئەو بنەڕەتە جیاوازیی پێکهاتی زمانیی هەورامی لەگەڵ لەهجەی دیکەی کوردی نابێ بکرێ بە ئامرازێک بۆ بنکۆڵکردن و شێواندنی ناسنامەی کوردیی هەورامی و بانگەشەی سەربەخۆیی زمانی بۆ بکرێ. ئەگەر لای ڕۆژهەڵاتناسان هەورامی و زازاکی کوردی نییە و زمانێکی سەربەخۆیە، کورد دەبێ لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە سەیری ئەم زارانە بکات، بە لەهجەیەکی کوردییان بزانێت.

## سەرچاوەکان


1- Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco, Mellen Research University Press, 1992.

2- Amir Hassanpour, The Identity of Hewrami Speakers: Reflections on the Theory and Ideology of Comparative Philology,” in "Anthology of Goran Kurdish Poetry", edited by A Soltani, London, Soane Trust for Kurdistan, 1998.

3- Amir Hassanpour, The Indivisibility of the Nation and Its Linguistic Divisions, International Journal of the Sociology of Language. Issue 217, 2012.

4- Austen H. Layard, Discoveries among the ruins of Nineveh and Babylon, with travel in Armenia, Kurdistan and Desert, G. P. Putnam, New York, 1853.
5- B. Lewis, Ch. Pellat and J. Schcht (edited), The Encyclopedia of Islam, New edition, Luzac & Co, London, 1965.
6- Bela B. Edwards, Note on The Kûrdish Language, Journal of the American Oriental Society, Vol. 2 American Oriental Society, 1851.
7- Claudius James Rich, Narrative of a Residence in Koordistan and on the Site of Ancient Nineveh, James Duncan, London, 1836.
8- Charles Rieu, Catalogue of the Persian Manuscripts in the British Museum. Vol. II, London,1881.
9- David McDowall, A Modern History of The Kurds, I.B. Tauris & Co Ltd, London, 1997.
10- D. N. Mackenzie, The dialect of Awroman (Hawraman-i Luhon) Grammatical sketch, texts, and vocabulary, Munksgaard, Kobenhavn, 1966.
11- D.N. MacKenzie, The Origins of Kurdish, Transactions of the Philological Society, 1961.
12- E. B. Soane, A short anthology of Guran poetry, Journal of the Royal Asiatic Society, Part I, January, 1921.
13- E. B. Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in disguise with historical notices of Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan, John Murray, London, 1926.
14- E. B. Soane, Report on the Sulaimania District of Kurdistan (1910), Kurdology Center, Sulaimani, Kurdistan – Iraq, 2008.
15- E. B. Soane, Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language, Luzac & Co. London, 1913.
16- E. B. Soane, Notes on Kurdish Dialects: The Shadi Branch of Kurmanji. Sulamania, (Southern Turkish Kurdistan) - Includes a Southern Kurdish Folksong in the Kermanshahi Dialect, Asian education services, New Delhi, Madras, 2003.
17- Eric A. Rice, Language politics in Bosnia, Croatia and Serbia, Naval Postgraduate School Monterey, California, unpublished, March 2010.
18- G. R. Driver, Studies in Kurdish History, Bulletin of the School of Oriental Studies, University of London, Cambridge University Press, Vol. 2, No. 3, 1922.
19- Jerry Norman, Chinese, Cambridge Language surveys, Cambridge University Press, 2008.
20- Julie M. Groves, Language or Dialect—or Topolect? A Comparison of the Attitudes of Hong Kongers and Mainland Chinese towards the Status of Cantonese, University of Hong Kong, Sino-Platonic Papers, Number 179, February 2008.
21- J.K. Chambers and Peter Trudgill, Dialectology, Cambridge University press, 1998.
22- Joyce Blau, Kurdish Written Literature. In (Philips Kreyenbroek & Christine Allison, Kurdish Culture and Identity), Zed Book Ltd. London, 1996.
23- Martin van Bruinessen, Agha, Shaikh and State: The Social and Political Structures of. Kurdistan, London: Zed Books, 1992.
24- Mehrdad R. Izady, A Concise Handbook, The Kurds, Taylor & Francis, London, 1992

25- Michiel Leezenberg, Gorani Influence on Central Kurdish: Substratum or Prestige Borrowing? Amsterdam, Institute for Logic, Language and Computation, University of Amsterdam, ILLC Prepublication Series X--93-03, 1993.
26- Noel E.M. (Diary of Major E.M. Noel, C.I.E., D.S.O., on special duty in Kurdistan, from June 14th, to Septemebr 21st, printed by Governement press, Basrah, 1919.
27- Patrick Colm Hogan(edited) The Cambridge Encyclopaedia of the language science, Cambridge university press, 2011.
28- Roy Harris, The Language - makers, Cornell University Press, Ithaca, N.Y., 1980.
29- Ronald Wardhaugen, An Introduction to Sociolinguistics, published by Blackwell, fifth edition, 2006.
30- L. O. Fossum, A practical Kurdish Grammar, The Inter – Synodical EV. Lutheran Orient – Mission Society, 1919.
31- Philip G. Kreyenbroek, The Kurds: A Contemporary Overview, Routledge; 1 edition December 6, 1991.
32- Taufiq Wahaby, The origins of the Kurds and their language, reprinted in Sweden, 1982.
33- Taufiq Wahby and C. J. Edmonds, A Kurdish-English dictionary, Oxford Clarendon Press, 1966.
34- Vladmir Minorsky, "The Gûrân," Bulletin of the School of Oriental and African Studies, Vol. 11, Part I, 1943.

٣٥-أمير شرف خان بدليسى، شرفنامه، تأريخ مفصل كردستان، بامقدمه و تعليقات و فهارس بقلم محمد عباسى، چاپ أفست على اكبر علمى، ١٣٤٣.
٣٦-فەرید ئەسەسەرد، هەورامان و هەورامییەکان و زمانەکەیان، گۆڤاری هەفتانە، ژمارە ١٤٣، ڕێککەوتی ٢٢ ی مایسی ٢٠١١.
٣٧- د. زرار صديق تۆفیق، کاکەیی – ئەهلی هەق و شەبەک: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢٠.
٣٨-جەمال حبیب الله (بێدار)، فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی – کوردیی ناوەڕاست، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠.
٣٩-رشيد ياسمى، كرد و پيوستگى نژادى و تاريخى او، انتشارات ابن سينا، چاپ سوم، بدون تاريخ چاپ.
٤٠-على أكبر، لغت نامه دهخدا، شماره مسلسل: ٣٠، مؤسسه أنتشارات و چاپ دانشگاه تهران، تهران، ١٣٣٥ خورشيدى.
٤١-محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، لە زۆر قەدیمەوە تا دەوری ئیمڕۆ، ئامادەکردن: ڕەفیق ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٦.
٤٢-محەمەد ئەمین هەورامانی، تەماشایەکی سەرپێیی نێوان زاری هەورامانی و سۆرانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، ژمارە ٢ بەرگی ٢، ١٩٧٤.
٤٣-محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨١.
٤٤-کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ملا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٨٠.
٤٥-منوچهر ستوده، فرهنگ گيلكى، نشريه انجمن ايرانشانى، تهران. بهمن ١٣٣٢ خورشيدى.

٤٦-واسیلی نیکتین، کرد کردستان، ترجمه: محمد قاضی، انتشارات نیلوفر، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٦.

## سەرچاوەی ئینتەرنێت

Varieties of Chinese

- https://en.wikipedia.org/wiki/Varieties_of_Chinese.+ accessed 2012

.

.